# وەقایعی کوردستان


رۆژنامەی رەسمی هەرێمی کوردستانە - وەزارەتی داد دەری دەکات

ژمارە (٢٦٢)ساڵی بیستەم ١٨/ شوبات/٢٠٢١/ زایینی ٢٩/ رێبەندان/ ٢٧٢٠/ کوردی ٦/رەجەب/ ١٤٤٢ کۆچی

262


## لەم ژمارەیەدا:


**بڕیاری ژمارە (٨٩)ی ساڵی ٢٠٢١ سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران** ل ١
تایبەت بە لێخۆشبوونی گومرگی و باج و رەسمی نا گومرگی

**رێنمایی ژمارە (٢) ساڵی ٢٠٢١ وەزارەتی ناوخۆ** ل ٣
رێنمایی رێکخستنی کاری نوسینگەکانی فێرکردنی شوفێری

**رێنمایی ژمارە (٣) ساڵی ٢٠٢١ وەزارەتی ناوخۆ** ل ٩
رێنمایی رێکخستنی کاری کۆمپانیاکانی (هاوردەکردن و گواستنەوە و فرۆشتنی ئۆتۆمبێل) و پێشانگاکانی فرۆشتنی ئۆتۆمبێل

**رێنمایی ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٢١ وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوان** ل ١٥
رێنمایی ئاسانکاری جێبەجێکردنی یاسای ئیمتیازاتی زیندانیکراو و گیراوی سیاسی کوردستانی ژمارە (١١)ی ساڵی ٢٠١١ی هەموارکراو

**رێنمایی ژمارە( ٢ )ی ساڵی ٢٠٢١ وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوان** ل ١٧
رێنمایی ئاسانکاری جێبەجێکردنی یاسای ماف و ئیمتیازاتی کەسوکاری شەهیدان و ئەنفالکراوەکان ژمارە (٩)ی ساڵی ٢٠٠٧ی هەموارکراو

**رێنمایی ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٢١ وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی** ل ٢٠
رێنمایی ناوەندی دەستنیشانکردنی کەمئەندامی

**رێنمایی ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠٢١ وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی** ل ٢٦
هەموارکردنی یەکەمی رێنمایی ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠١٨ تایبەت بە سەنتەرەکانی شەبەنگی ئۆتیزم

**رێنمایی ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠٢١ وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی** ل ٢٨
هەموارکردنی دووەمی رێنمایی ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠١٦ تایبەت بە ماف و ئیمتیازاتی کەمئەندام و خاوەن پێداویستی تایبەت

**رێنمایی ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٢١ وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی** ل ٢٩
رێنمایی هەمواری دووەمی رێنمایی ژمارە (٥)ی ساڵی ٢٠١٩ خوێندنی باڵا/ماستەر

**رێنمایی ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٢١ وەزارەتی دارایی وئابووری** ل ٣٢
هەموارکردنی رێنمایی ژمارە (٩)ی ساڵی ٢٠٢٠ تایبەت بە تەنسیب کردنی فەرمانبەران

**رێنمایی ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٢١ وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئاینی** ل ٣٨
چەسپاندنی ئەهلیەتی پێش نوێژ و وتار خوێن

**بەیانی ژمارە (١ - ٢) ساڵی ٢٠٢١ پەرلەمانی کوردستان** ل ٣٣

**بەیانی ژمارە (١ — ٢ — ٣ - ٤) ساڵی ٢٠٢١ وەزارەتی ناوخۆ** ل ٣٤

**بەیانی ژمارە (١) ساڵی ٢٠٢١ وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی** ل ٣٦

**بەیانی ژمارە (١ - ٢)ی ساڵی ٢٠٢١ وەزارەتی تەندروستی** ل ٣٧



ناونیشان: هەولێر - چوار رێیانی فرنسۆ میتران باڵەخانەی وەزارەتی داد.
☎: (٢٢٤٥٥٠٨-٢٦٤٨٩٨٩-٢٢٤٥٥٠٧-٢٢٤٥٥١٤)

نرخی ١٥٠٠ دینارە

http//: www.moj.gov.krd
dad@moj.gov.krd

The Weekly Formal Newspaper of Kurdistan Region, Publishing by Ministry of Justice

# وقائع كوردستان

الجريدة الرسمية لأقليم كوردستان - تصدر من قبل وزارة العدل

العدد (٢٦٢) السنة العشرون ١٨/ شباط / ٢٠٢١ ميلادي ٢٩/ ڕێبەندان/٢٧٢٠/كوردي ٦/ رجب /١٤٤٢ هجري

**262**

## في هذا العدد:

**تعليمات رقم (١) لسنة ٢٠٢١ وزارة الأوقاف و الشؤون الدينية** ص ٣٨
إثبات الأهلية للإمامة و الخطابة

**بيان رقم ( ١ — ٢ ) لسنة ٢٠٢١ برلمان كوردستان** ص ٤٠

**فهرست المواضيع باللغة الكوردية فقط**

**قرار رقم (٨٩) لسنة ٢٠٢٠ رئاسة مجلس وزراء** ص ١

**تعليمات رقم (٢)لسنة ٢٠٢١ وزارة الداخلية** ص ٣

**تعليمات رقم (٣)لسنة ٢٠٢١ وزارة الداخلية** ص ٩

**تعليمات رقم (١)لسنة ٢٠٢١ وزارة شؤون الشهداء و المؤنفلين** ص ١٥

**تعليمات رقم (٢)لسنة ٢٠٢١ وزارة شؤون الشهداء و المؤنفلين** ص ١٧

**تعليمات رقم (١) لسنة ٢٠٢١ وزارة العمل والشؤون الاجتماعية** ص ٢٠

**تعليمات رقم (٢) لسنة ٢٠٢١ وزارة العمل والشؤون الاجتماعية** ص ٢٦

**تعليمات رقم (٣) لسنة ٢٠٢١ وزارة العمل والشؤون الاجتماعية** ص ٢٨

**تعليمات رقم (١) لسنة ٢٠٢١ وزارة تعليم العالى و البحث العلمى** ص ٢٩

**تعليمات رقم (١)لسنة ٢٠٢١ وزارة المالية و الاقتصاد** ص ٣٢

**بيان رقم ( ١ — ٢ ) لسنة ٢٠٢٠ برلمان كوردستان** ص ٣٣

**بيان رقم ( ١ — ٢ — ٣ — ٤ ) لسنة ٢٠٢١ وزارة الداخلية** ص ٣٤

**بيان رقم (١) لسنة ٢٠٢١ وزارة العمل والشؤون الاجتماعية** ص ٣٦

**بيان رقم ( ١ — ٢ ) لسنة ٢٠٢١ وزارة الصحة** ص ٣٧

**No. 262 Date: February , 18 , 2021 Vol.: 20**

چاپخانەی شەهاب هەولێر

العنوان اربيل- تقاطع فرنسو ميتران - بناية وزارة العدل
(٢٢٤٥٥١٤-٢٢٤٥٥٠٧-٢٦٤٨٩٨٩-٢٢٤٥٥٠٨)

http//: www.moj.gov.krd
dad@moj.gov.krd

سعر ١٥٠٠ دينار

**سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران**

**ژمارە : ١٢٣٢ لە ٢٠٢١/١/٣١**

## بڕیاری ژمارە (٨٩)ی ساڵی ٢٠٢١

پشتبەست بە ئەحکامی ماددەی (هەشتەم) لە یاسای ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان ژمارە (٣)ی ساڵی ١٩٩٢ هەموارکراو، و لەبەر ڕۆشنایی کۆنووسی کۆبوونەوەی ئاسایی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (٥٠) لە ٢٠٢١/١/١٣، بڕیاردرا بە:

**یەکەم:** ڕاسپاردنی وەزارەتەکانی (دارایی وئابووری ، سامانە سروشتیەکان ، بازرگانی وپیشەسازی ، کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو )و (دەستەی وەبەرهێنان ) بۆ پێداچوونەوەی سەرجەم لێخۆشبوونی گومرگی و باج و ڕەسمی نا گومرگی کە دراون بە پڕۆژەکان لە چوارچێوەی یاسا پەیوەندیدارەکان ، بەڕەچاوکردنی ئەم خاڵانەی خوارەوە

١- دەبێت لێخۆشبوونی گومرگی و باج و ڕەسمی نا گومرگی بۆ ئەو پرۆژانەی کە مۆڵەتی وەبەرهێنانیان هەیە یان مۆڵەت وەردەگرن لە بەر رۆشنایی یاسای وەبەرهێنان لە هەرێمی کوردستان – عێراق ژمارە (٤)ی ساڵی ٢٠٠٦ بێت .

٢- دەبێت لێخۆشبوونی گومرگی و باج و ڕەسمی نا گومرگی بۆ ئەو پرۆژانەی کە مۆڵەتی وەبەرهێنانی پیشەسازییان هەیە یان مۆڵەت وەردەگرن لەبەر ڕۆشنایی و یاسای وەبەرهێنانی پیشەسازی بۆ کەرتی تایبەت و تێکەڵاو کارپێکراو لە هەرێمی کوردستان بێت .

٣- پێویستە لێخۆشبوونی گومرگی و باج و ڕەسمی نا گومرگی تەنها بەپێی پێداویستی و قەبارەی ڕاستەقینەی پرۆژەکە بێت کە مۆڵەتی هەیە ، و بەپێی لیستی وردەکاری چەندێتی و جۆرێتی پێداویستی فیعلی پرۆژەکان کە لەلایەنی تایبەتمەندەوە پەسند دەکرێت بە مەرجێک تەنها بۆ مەبەستەکانی پرۆژەکە بەکاربهێنرێت ، بەپێچەوانەوە ئەو لێخۆشبوونانە نایانگرێتەوە و وەبەرهێن ناچار دەکرێت کە ڕەسمی گومرگی و باج و ڕەسمی نا گومرگی بدات و دوو هێندەش سزای دارایی لێ دەستێنرێت .

٤- دەبێت بەپلەی یەکەم کەرەستەی خاوی خۆماڵی کە لە هەرێمدا چنگ دەکەوێت و بۆ کوالێتی پرۆژەکە بەکەڵک دێت ، بەکار بهێندرێت و هاوردەکردنی کەرەستەی خاو سنووردار بکرێت .

٥- هەڵوەشانەوەی سەرجەم ئەو لێخۆشبوونانەی کە ماوەی یاسایی لێخۆشبوونیان تەواو بووە و دەبێت لە ڕێکەوتی کۆتایی پێهاتنی ماوەی لێخۆشبوونەکەوە ملکەچی پێدانی ڕەسمی گومرگی و باج و ڕەسم بن .

٦- ڕاگرتنی هەر جۆرە لێخۆشبوونێکی گومرگی و باج و ڕەسم کە ساغ دەبێتەوە کە بە نارەوایی بەناوی پرۆژەوە بەنایاسایی سوودی بازرگانییان لێوەرگیراوە ، و هەڵوەشانەوەی دەستبەجێی لێخۆشبوونەکە و جێبەجێکردنی ڕێکاری یاسایی پێویست لەبەرامبەر سەرپێچیکاران .

**دووەم :**سەبارەت بە نووسراوەکانی وەزارەت و دامەزراوەکانی حکومەتی فیدراڵی بۆ لێخۆشبوونی گومرگی و باج و ڕەسمی ناگومرگی کە لە ڕێگەی نوێنەرایەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە بەغدا ئاراستەی دیوانی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران دەکرێن ، ئەوا بەپێی یاسا و ڕێنماییە کارپێکراوەکان لە هەرێمی کوردستان مامەڵە دەکرێن لەلایەن لیژنەی پێکهاتوو بەپێی برگەی (سێیەم)ی ئەم بڕیارە .

**سێیەم :**پێکهێنانی لیژنەیەکی تایبەتمەند بەسەرپەرشتی نوێنەرێک لە (سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران) و ئەندامێتی نوێنەری وەزارەتەکانی (دارایی وئابووری ، پلاندانان ، سامانە سروشتییەکان ، بازرگانی وپیشەسازی ، کشتوکاڵ وسەرچاوەکانی ئاو) و (دەستەی وەبەرهێنان) بۆ جێبەجێکردنی مەبەستەکانی ئەم بڕیارە و بەخشینی لێخۆشبوون لە ڕەسمی گومرگی و باج و ڕەسم لەدوای دەرچوونی ئەم بڕیارە ، و ئەم لیژنەیە ڕاپۆرتی خۆی لە ڕێگەی نووسینگەی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران دەخاتە بەردەم سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران بۆ بڕیاری کۆتایی .

**چوارەم:** سەرجەم وەزارەت و لایەنە پەیوەندیدارەکان ئەم بڕیارە جێبەجێ دەکەن .

**مەسرور بارزانی**
**سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران**

**وەزارەتی ناوخۆ**
**ژمارە: ١٥٣٥ لە ٢٠٢١/١/١٧**

## ڕێنمایی ژمارە (٢) ساڵی ٢٠٢١
## ڕێنمایی ڕێکخستنی کاری نوسینگەکانی فێرکردنی شوفێری

پاڵپشت بەو دەسەڵاتەی پێمان دراوە لە یاسای وەزارەتی ناوخۆ ژمارە (٦)ی ساڵی ٢٠٠٩ و ماددەی (٣٦ برگەی/١) لە یاسای هاتووچۆی فیدراڵ ژمارە (٨٦) ساڵی ٢٠٠٤ بەرکار لەهەرێمی کوردستان بڕیارماندا بە دەرچواندنی ئەم ڕێنماییانەی خوارەوە:

**ماددەی (١):**

مەبەست لەم دەستەواژانەی خوارەوە ئەو مانایانەیە کە لە بەرامبەریان هاتووە بۆ مەبەستەکانی جێبە جێ کردنی ئەم ڕێنماییانە:

١- **وەزیر:** وەزیری ناوخۆی حکومەتی هەرێمی کوردستان.

٢-**بەڕێوەبەرایەتی گشتی:** بەڕێوەبەرایەتی گشتی هاتووچۆ لە هەرێمی کوردستان.

٣- **بەڕێوەبەرایەتی:** بەڕێوەبەرایەتیەکانی هاتووچۆ لە هەرێمی کوردستان.

٤-**نوسینگە:** نوسینگەی فێرکردنی شوفێری موڵەت پێدراو لە هەرێمی کوردستان.

٥-**بەڕێوەبەر:** بەڕێوەبەری نوسینگەی فێرکردنی شوفێری.

٦-**مامۆستا:** ئەو کەسەی وانەی تیۆری و پراکتیکی دەڵێتەوە لە نوسینگەکانی فێرکردنی شوفێری یان نوسینگەکانی پێگەیاندنی مامۆستایانی فێرکردنی شوفێری.

٧-**فێرخواز:** ئەو کەسەی لە نوسینگەکانی فێرکردنی شوفێری ناوی خۆی تۆمار دەکات بە مەبەستی فێربوونی شوفێری.

٨-**ئۆتۆمبێلی فێرکردن:** ئۆتۆمبێلێکە ئامادەکراوە بۆ ڕاهێنان لەسەر شوفێری کردن بەپێی ئەو مەرجانەی لەم ڕێنماییە دیاری کراوە.

٩-**نوسینگەکانی ئامادەکردنی ڕاهێنەر:** ئەو نوسینگەییە کە لە وەزارەتی ناوخۆ مۆڵەت وەردەگرێت بەپێی ئەم ڕێنماییە و ڕاهێنەر بۆ کارکردن لە نوسینگەکانی فێرکردنی شوفێری ئامادە دەکات.

١٠- **سەنتەری ڕاهێنان:** ئەو سەنتەرانەیە لە بەڕێوەبەرایەتیەکانی هاتووچۆی پارێزگا و ئیدارە سەربەخۆکان دادەمەزرێن بە مەبەستی ئامادەکردنی ڕاهێنەر بۆ نوسینگەکانی فێرکردنی شوفێری.

١١- **پەیمانگا:** پەیمانگای پەرەپێدانی ئەمنی و کارگێری و تەکنەلۆجیای زانیاری لە دیوانی وەزارەتی ناوخۆ.

١٢-**پرۆگرامی ڕاهێنەران:** ئەو پرۆگرامە فێرکارییە کە لە لایەن پەیمانگا بە هەماهەنگی لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتیەکانی هاتووچۆ ئامادە دەکرێت.

## مەرجەکانی پێدانی مۆڵەتی نوسینگە

**ماددەی (٢):**

**یەکەم:**

١- پێشکەش کردنی داواکارییەك بە وەزارەتی ناوخۆ/ بەڕێوەبەرایەتی گشتی دیوان/ بەڕێوەبەرایەتی کۆمپانیا ئەمنیەکان و مۆڵەت پێدان لە ڕێگای بەڕێوەبەرایەتی گشتی هاتووچۆ.

٢- ئەنجام دانی (کشف) لە لایەن لیژنەیەکی تایبەتمەندی هەمیشەیی کە لە بەڕێوەبەرایەتیەکانی هاتووچۆ بۆ ئەم مەبەستە پێك دێت.

٣- پێشکەش کردنی دکیۆمێنتی موڵکایەتی ئەگەر بارەگای نوسینگە موڵکی خۆی بێت یان گرێبەستی پەسەندکراو لە بەڕێوەبەرایەتی باج ئەگەر بارەگای نوسینگە کرێ بێت.

٤- پێشکەش کردنی ناوی ڕاهێنەران و بڕوانامەی فێربوونی ڕاهێنەرایەتی شوفێری.

٥- پێشکەش کردنی لیستی ئۆتۆمبێلەکانی نوسینگە و کۆپیساڵیانەیان.

٦- هاوپێچ کردنی گشت بەڵگەنامە کەسیەکانی خاوەنی نوسینگە و بەڕێوەبەر و ڕاهێنەر و کارمەندان کارتی نیشتمانی یان (ڕەگەزنامەی عێراقی و ناسنامە و باری کەسی) ، کارتی زانیاری ، دوو وێنەی ڕەنگاورەنگ و کارتی نشینگەی خاوەن نوسینگە یان بەڕێوەبەر ئەگەر کەسی بیانی بێت.

**دووەم:** مولەتی نوسینگەی فێرکردنی شوفێری بۆ ماوەی یەك ساڵ دەدرێت وساڵانە نوێ دەکرێتەوە.

## مەرجەکانی بارەگایی نوسینگە

**ماددەی (٣):**

**یەکەم:-** پێویستە بارەگای نوسینگە لەم ژوورانە پێك بێت:

١- ژووری بەڕێوەبەری نوسینگە.

٢- ژووری ڕاهێنەران.

٣-ژووری پێشوازی و تۆمارکردنی فێرخوازان.

٤-دوو توالێت بۆ ژنان و پیاوان.

٥- هۆڵێکی ڕاهێنانی پراکتیکی کە ڕووبەری لە (٣٠م٢) کەمتر نەبێت بە هەموو ئەو پێداویستیانەی لە هۆڵەکانی خوێندن لە زانکوکان هەیە.

٦-ژووری فێرکردنی میکانیکی.

٧-تابلۆیەکی ئاگاداری و تابلۆیەك بۆ هەڵواسینی نرخی وانەی تێوری.

**دووەم:** پێویستە نوسینگە ئەم تۆمارانەی خوارەوەی هەبێت:

١- تۆماری زانیاری فێرخوازان کەتێدا زانیاری تەواو لە سەر فێرخواز و کاتژمێرەکانی وانەی تیۆری و پڕاکتیکی تۆمار کرابێت.

٢- تۆماری وەرگرتنی پارە لە فێرخواز بەپێی کاتژمێرەکانی فێرکردن.

٣- هەر تۆمارێکی تر کە بەڕێوبەرایەتی هاتووچۆی گشتی بە پێویستی بزانێت.

**سێیەم:-** دەکرێت هەر (١٠) نوسینگە پێکەوە گۆرەپانێکی راهێنانی پراکتیکیان هەبێت کە لەشەش هەزار مەتر دووجا کەمتر نەبێت.

**مەرجەکانی ئۆتۆمبێلی فێرکردنی شوفێری**

**ماددەی (٤):**

١- دەبێت ئۆتۆمبێلی فێرکردنی شوفێری گشت مەرجەکانی توندوتۆڵی تێدا بێت بەپێی یاسا ورێنماییەکان دیاری کراون.

٢- ئامرازی (استوپ) لە تەنیشت فێرخواز کە لە لایەن راهێنەر بەکار دێت.

٣- ئامرازی (کلاج) لە هەمان شوێنی بڕگەی (١)ی سەرەوە.

٤- ئاوێنەیەکی بینینی پشتەوەی ئۆتۆمبێل کە لە لایەن راهێنەر بەکاردێت.

٥- ئاوێنەیەکی زیاد لە لایەن راهێنەر بەکاردێت بۆ بینینی لایی راستی شوفێر

٦- لۆگۆی نوسینگە بە شێوەیەکی بازنەیی لە (٤٠ سم) کەمتر نەبێت وتێدا ناوی نوسینگە بە گەورەیی نووسراو بێت و ئۆتۆمبێل بە هەر رەنگی بێت رێگەپێدراو دەبێت و لەسەر هەر دوو دەرگای پێشەوەی ئۆتۆمبێل دەچەسپێندرێت.

٧- لەسەر ناوەندی بانی ئۆتۆمبێل پارچە تابلۆیەکی سپی رووناك ڕووبەری (٥٠ سم) درێژ و (٢٠ سم) پان بێت و لەسەری بە رەنگی سوور دەنووسرێت (فێرکردنی شوفێری).

٨- لەسەر پشتی ئۆتۆمبێل لۆگۆیەکی سپی دەچەسپێنرێت و بە رەنگی سوور لەسەری دەنووسرێت (ئاگادار بە شوفێر لە ژێر راهێنانە).

٩- مودێلی رێگەپێدراوی ئۆتۆمبێلی فێربوونی شوفێری (٦) شەش مۆدێل لە مۆدێلی ساڵ کەمتر رێگەپێدراوە، ئەم شەش ساڵە لە رۆژی تۆمارکردنی ئۆتۆمبێل و وەرگرتنی تابلۆ ئەژمار دەکرێت.

١٠- سەبارەت بە ئۆتۆمبیلی بارهەڵگر بە هەمان بڕگەی (٩)ی سەرەوە (١٠) ساڵ دەکرێت کاری پێ بکرێت و لە رۆژی تۆمارکردنی ئۆتۆمبێل و وەرگرتنی تابلۆ ئەژمار دەکرێت.

**دووەم:-**

١- هیچ فێرخوازێك بۆی نیە راهێنان بکات لە سەر ئۆتۆمبێلێك کە هی نوسینگە نەبێت ، وسەرپێچیکار بەپێی یاسای هاتووچۆ مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت.

٢- هیچ کەسێك بۆی نیە هاوڵاتیەك فێری شوفێری بکات ئەگەر راهێنەر نەبێت و لەیەکێك لە نووسینگەکانی فێرکردنی شوفێری تۆمار کراو نەبێت وئۆتۆمبێلەکە هی نوسینگەی شۆفێری نەبێت، ولەکاتی ئەنجام دانی ئەم سەرپێچیە ئۆتۆمبێلەکە بۆ ماوەی (٧) رۆژ دەستی بەسەردا دەگیرێت.

## مەرجەکانی بەرێوەبەری نوسینگە

**ماددەی (٥):**

پێویستە بەرێوەبەری نوسینگە ئەم مەرجانەی خوارەوە تێدا بێت:

١- هەڵگری رەگەزنامەی عێراقی بێت یان ئەگەر کەسی بیانی بێت بە شێوەیەکی یاسایی نشینگەی لە هەرێمی کوردستان هەبێت و نشینگەی بەسەر نەچووبێت.

٢- تەمەنی لە (١٨) ساڵ کەمتر نەبێت.

٣- خاوەن رەوشتێکی باش بێت بە پشتگیری بنکەی پۆلیسی تایبەتمەند و حوکم دراو نەبێت بە تاوانێك یان کەتنێکی ئابرووبەر بە پشتگیری بەرێوەبەرایەتی بەڵگەی تاوان.

٤- هیچ نەخوشیەکی گوازراوەی نەبێت بەپێی راپۆرتی لیژنەی پزیشکی تایبەتمەند.

## مەرجەکانی راهێنەر

**ماددەی (٦):**

**یەکەم:**

١- بروانامەی ناوەندی کەمتر نەبێت.

٢- مۆڵەتی شوفێری هەبێت کە (٤) ساڵی بەسەردا چووبێت.

٣- تەمەنی لە (٢٢) ساڵ کەمتر نەبێت.

٤- هیچ نەخۆشیەکی گوازراوەی نەبێت بەپێی راپۆرتی لیژنەی پزیشکی تایبەتمەند.

٥- خاوەن رەوشتێکی باش بێت بە پشتگیری بنکەی پۆلیسی تایبەتمەند و حوکم دراو نەبێت بە تاوانێك یان کەتنێکی ئابرووبەر بە پشتگیری بەرێوەبەرایەتی بەڵگەی تاوان.

٦- بروانامەی راهێنەری بەدەست هێنابێت لە یەکێك لە نوسینگەکانی ئامادەکردنی راهێنەران یان لە یەکێك لە سەنتەرەکانی راهێنان لە بەرێوەبەرایەتیەکانی هاتووچۆ.

**دووەم:**

راهێنەر ساڵانە دەبێت بەشدار بێت لە خۆلێکی تازەکردنەوەی زانیاری لەو نوسینگە و سەنتەرانەی لە برگەی (یەکەم/٦)ی ئەم ماددەیە ئاماژەی پێ کراوە بە مەرجێك بروانامەی راهێنانی هەبێت.

**سێیەم:** دەکرێت ئەفسەری هاتووچۆ یان هەر کارمەندێکی حکومەت وەك ماموستای وانەی تیۆری لەدوای ئەرکی فەرمی لە نوسینگەکان وانە بڵێتەوە بە مەرجێك بروانامەی راهێنانی هەبێت.

**ماددەی (٧):**

١- لیژنەیەك لە بەرێوەبەرایەتیەکانی هاتووچۆ پێك دێت بەمەبەستی پشکنینی بارەگای پێشنیار کراوی نوسینگە وئۆتۆمبێلەکانی و گشت بەڵگەنامەکانی تایبەت بە ستافی نوسینگە و راهێنەران و دڵنیابوون لە گونجانی لەگەڵ ئەم رێنماییە پێش بەرز کردنەوی داواکاری بۆ وەزارەتی ناوخۆ.

٢- لیژنەیەك لە بەڕێوبەرایەتیەکانی هاتووچۆ پێك دێت بە مەبەستی پشکنینی ئاسایی و لەناکاوی نوسینگەکان ودەست نیشان کردنی سەرپێچیەکان و سزادانی سەرپێچیکاران.

٣- ئەم لیژنانەی بڕگەی (١و٢)ی سەرەوە هەر شەش مانگ جارێك دەگۆردرێت.

**ماددەی (٨):**

پەیمانگا بە هەماهەنگی لەگەڵ بەڕێوبەرایەتی هاتووچۆی گشتی و بەڕێوبەرایەتیەکانی هاتووچۆی هەرێم پرۆگرامێکی ڕاهێنان ئامادە دەکات بەپێی ستانداردە جیهانییەکان کە تێدا وانەی تیۆری و پراکتیکی دیاری دەکات ودەبێتە پرۆگرامێکی ستاندارد و لە گشت نوسینگەکان جێبەجێ دەکرێت وساڵانە ئەبدێت دەکرێتەوە.

## ئەحکامە داراییەکان

**ماددەی (٩):**

**یەکەم: ڕسومات:**

١- بڕی (١,٠٠٠,٠٠٠) یەك ملیۆن دینار وەردەگیرێت وەك ڕسوماتی پێدانی مۆڵەتی کارکردن ونوێ کردنەوەی ساڵانەی مۆڵەت.

٢- بڕی (١٠٠,٠٠٠) سەد هەزار دینار وەردەگیرێت لە بڕی دروستکردن و نوێ کردنەوەی ناسنامەی بەڕێوەبەر و کارمەندان و ڕاهێنەرانی نوسینگە و ساڵانە نوێ دەکرێتەوە.

**دووەم: سزاکان:**

١- بڕی (٢٥٠,٠٠٠) دوو سەد و پەنجا هەزار دینار پێبژاردنیان پێ دەدرێت بۆ هەر سەرپێچییێك لەکاتی پابەند نەبوونی نوسینگە بەم ڕێنماییە .

٢- بڕی (٢٠٠,٠٠٠) دوو سەد هەزار دینار پێبژاردنیان پێ دەدرێت بۆ هەر سەرپێچییێك لەکاتی پابەند نەبوونی نوسینگە بەو نرخانەی لە لایەن وەزارەت دانراوە بۆ هەر وانەیەکی فێرکردنی شوفێری تیۆری یان پراکتیکی.

٣-گشت پێبژاردنەکانی سەرپێچیەکانی هاتووچۆ لەسەر ئۆتۆمبێلی نوسینگە تۆمار دەکرێت دەکەوێتە سەر نوسینگە تەنانەت ئەگەر لە لایەن فێرخواز ئەنجام درابێت.

٤- بڕی (٧٥٠,٠٠٠) حەوت سەد و پەنجا هەزار دینار وەك ڕسوماتی بە شداربوون لە خولی ئامادەکردنی ڕاهێنەر بۆ ماوەی (١٥) ڕۆژ کەمتر نەبێت لە سەنتەرەکانی ڕاهێنان لە بەڕێوبەرایەتیەکانی هاتووچۆ.

**سێیەم:** ئەو ڕسومات و پیبژاردانەی لەم ماددەیە دیاری کراون دەخرێنە سەر ئەژمێری وەزارەتی ناوخۆ / بەڕێوبەرایەتی گشتی دیوان / بەڕێوبەرایەتی کۆمپانیا ئەمنیەکان و ڕێگە پێدان.

## ئەحکامە کوتاییەکان

**ماددەی(١٠):**

**یەکەم:**

مۆڵەتی نوسینگە لەم حاڵەتانەی خوارەوە هەڵدەوەشێتەوە:

١- لەدەست دانی یەکێك لە مەرجەکانی پێدانی مۆڵەت.

٢-لەسەر داواکاری خاوەن مۆڵەت.

٣-کرین و فرۆشتن بە مۆڵەتی نوسینگە بەبێ رەزامەندی وەزارەت.

٤-سەرپێچی کردنی ئەم رێنماییە سێ جار زیاتر لەساڵێکدا بەپێی راپۆرتی لیژنەی پشکنینی تایبەتمەند .

**دووەم:** لەکاتی مردنی خاوەن مۆڵەت دەکرێت خاوەندارێتی نوسینگە بگوازرێتەوە بۆ میراتگرەکەی بەپێی دابەش نامەی شەرعی و بە رەزامەندی وەزارەتی ناوخۆ.

**ماددەی (١١):**

١- ئەم رێنماییانە لە ٢٠٢١/٣/١ جێبەجێ دەکرێت و لە رۆژنامەی (وەقایعی کوردستان) بڵاو دەکرێتەوە.

٢- پێویستە گشت ئەو نوسینگانەی لە پێش دەرچوونی ئەم رێنماییە تۆمار کراون خۆیان بگونجێنن لە گەڵ ئەم رێنماییە تا ٢٠٢١/٥/١ بە پێچەوانەوە مۆڵەتەکانیان هەڵدەوە شێتەوە.

٣- کار بە هیچ فەرمان و رێنماییەك ناکرێت لە دوای دەرچوونی ئەم رێنماییە.

**رێبەر أحمد**
**وەزیری ناوخۆ**

**وەزارەتی ناوخۆ**

**ژمارە: ٢٠٧٦ لە ٢٠٢١/١/٢١**

پاڵپشت بەو دەسەڵاتەی پێمان دراوە لە یاسای وەزارەتی ناوخۆ ژمارە (٦)ی ساڵی ٢٠٠٩ ، بڕیارماندا بە دەرچوواندنی ئەم ڕێنماییانەی خوارەوە :

## ڕێنمایی ژمارە (٣) ساڵی ٢٠٢١

## ڕێنمایی ڕێکخستنی کاری کۆمپانیاکانی (هاوردەکردن و گواستنەوە و فرۆشتنی ئۆتۆمبێل) و پێشانگاکانی فرۆشتنی ئۆتۆمبێل

**ماددەی (١): پێناسەکان**

مەبەست لەم دەستەواژانەی خوارەوە ئەو مانایانەی کە بەرامبەریان هاتووە بۆ مەبەستەکانی جێبەجێ کردنی ئەم ڕێنماییانە:

١- **وەزیر:** وەزیری ناوخۆی حکومەتی هەرێمی کوردستان.

٢- **وەزارەت:** وەزارەتی ناوخۆی حکومەتی هەرێمی کوردستان.

٣- **بەڕێوەبەرایەتی:** بەڕێوەبەرایەتیەکانی هاتووچۆ لە هەرێمی کوردستان.

٤- **بەڕێوەبەرایەتی کۆمپانیا ئەمنییەکان:** بەڕێوەبەرایەتی کۆمپانیا ئەمنییەکان و مۆڵەت پێدان لە وەزارەتی ناوخۆ.

٥- **گرێبەست:** گرێبەستی ستانداردی فرۆشتنی ئۆتۆمبێل لە هەرێمی کوردستان کە لە لایەن وەزارەتی ناوخۆ ڕێك دەخرێت بە زمانی کوردی و عەرەبی.

٦- **مۆڵەتی کارکردن:** ئەو مۆڵەتەیە کە لە لایەن وەزارەتی ناوخۆ دەدرێت بە کۆمپانیاکانی (هاوردەکردن یان گواستنەوە یان فرۆشتنی ئۆتۆمبێل) و پێشانگاکانی فرۆشتنی ئۆتۆمبێل.

٧- **کۆدی ئەلیکترۆنی:** ئەو کۆدەیە کە دەدرێت بە کۆمپانیا یان و پێشانگاکانی فرۆشتنی ئۆتۆمبێل بەمەبەستی فروشتنی ئۆتۆمبێل بەپێی سیستەمی ستانداردی گرێبەستی ئەلیکترۆنی.

٨- **کۆمپانیا**: ئەو کۆمپانیایە کە بەپێی یاسای کۆمپانیاکان ژمارە (٢١)ی ساڵی ١٩٩٧ هەموار کراو لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمار کردنی کۆمپانیاکان لە هەرێمی کوردستان تۆمارکراوە.

٩- **پێشانگا**: ئەو پێشانگایانەی کە مۆڵەتی کرین و فرۆشتنی ئۆتۆمبێلیان هەیە.

**ماددەی (٢):**

مەبەست لە دەرچوواندنی ئەم ڕێنماییە ڕێکخستنی هاوردەکردن و گواستنەوەی ئۆتۆمبێلی نوێ و بەکارهاتوو بۆ هەرێمی کوردستان بەپێی ڕێنماییە بەرکارەکان و بە ستانداردکردنی گرێبەستی فرۆشتنی ئۆتۆمبێل بە مەبەستی پاراستنی مافی بەکاربەر لە هەرێمی کوردستان.

## مەرجەکانی پێدانی مۆڵەتی کۆمپانیای (هاوردە کردن یان گواستنەوە یان فرۆشتنی ئۆتۆمبێل) و پێشانگاکانی فرۆشتنی ئۆتۆمبێل

**ماددەی (٣):**

**یەکەم:**

مۆڵەتی کارکردن بە کۆمپانیای (هاوردە کردن یان گواستنەوە یان فرۆشتنی ئۆتۆمبێل) بەم مەرجانەی خوارەوە دەدرێت:

١- پێشکەش کردنی داواکارییەك بۆ وەزارەتی ناوخۆ/ بەڕێوەبەرایەتی گشتی دیوان/ بەڕێوەبەرایەتی کۆمپانیا ئەمنییەکان و مۆڵەت پێدان لە ڕێگای بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان.

٢- هاوپێچ کردنی مۆڵەتی تۆمارکردنی کۆمپانیا.

٣- پێشکەش کردنی پاکانەی باج.

٤- پێشکەش کردنی بەڵگەنامەکانی بەڕێوەبەری ڕێگەپێدراوی کۆمپانیا.

٥- پێشکەش کردنی بەڵگەنامەی بەتاوان نەبوون (عدم محكومیە) کە دەبێت بەڕێوەبەری ڕێگەپێدراوی کۆمپانیا هیچ تاوان یان کەتنێکی ئابڕووبەر ئەنجام نەدابێت بە پشتگیری بەڕێوەبەرایەتی بەڵگەی تاوان.

٦- پێشکەش کردنی بەڵگەنامەکانی پارێزەری کۆمپانیا.

**دووەم:**

مۆڵەتی کارکردن بە پێشانگاکانی فرۆشتنی ئۆتۆمبێل بەم مەرجانەی خوارەوە دەدرێت:

١- پێشکەش کردنی داواکارییەك بۆ وەزارەتی ناوخۆ/ بەڕێوەبەرایەتی گشتی دیوان/ بەڕێوەبەرایەتی کۆمپانیا ئەمنییەکان و مۆڵەت پێدان لە ڕێگای بەڕێوەبەرایەتی هاتووچۆی تایبەتمەند.

٢- پێشکەش کردنی بەڵگەنامەکانی خاوەنی پێشانگا.

٣- پێشکەش کردنی پاکانەی باج.

٤- پێشکەش کردنی بەڵگەنامەی بەتاوان نەبوون (عدم محكومیە) کە دەبێت خاوەنی پێشانگا هیچ تاوان یان کەتنێکی ئابڕووبەر ئەنجام نەدابێت بە پشتگیری بەڕێوەبەرایەتی بەڵگەی تاوان.

**سێیەم:**

١- دەکرێت کۆمپانیا داوای وەرگرتنی مۆڵەتی کار بۆ یەکێك لەو چالاکیانی کە لەم ڕێنماییە دیاری کراوە ، هاوردەکردن یان گواستنەوە یان فرۆشتن ، یان دوو چالاکی یان هەر سێ چالاکی.

٢-کۆمپانیا بۆی نیە لە پاڵ ئەم چالاکیانەی کە لە بڕگەی (١)ی سەرەوە دیاری کراوە هیچ چالاکیەکی تری بازرگانی ئەنجام بدات.

## گرێبەستی ستانداردی فرۆشتنی ئۆتۆمبێل

**ماددەی (٤):**

١- گرێبەستێکی ستانداردی فرۆشتنی ئۆتۆمبێل لە لایەن وەزارەتی ناوخۆ ڕێك دەخرێت بە زمانی کوردی و عەرەبی.

٢- پێویستە گشت کۆمپانیا و پێشانگاکانی فرۆشتنی ئۆتۆمبێل لە کاتی فرۆشتنی ئۆتۆمبێل گرێبەستی بڕگەی (١)ی سەرەوە بەکاربهێنێت بۆ ئۆتۆمبێلی ژمارە کاتی یان تۆمارکراو.

٣- هیچ گرێبەستێکی تر جگە لەوەی لە بڕگەی (١)ی سەرەوە ئاماژەی پێدراوە لە بەڕێوەبەرایەتیەکانی هاتووچۆ کاری پێ ناکرێت لە کاتی فرۆشتنی ئۆتۆمبێل بۆ یەکەم جار یان فرۆشتنی ئۆتۆمبێلی تۆمارکراو.

## سیستەمی ئەلیکترۆنی فرۆشتنی ئۆتۆمبێل

**ماددەی (٥):**

١- سیستەمێکی ئەلیکترونی بۆ فرۆشتنی ئۆتۆمبێل لە ڕێگای گرێبەستی ئەلیکترۆنی ستاندارد لە لایەن وەزارەتی ناوخۆ ڕێك دەخرێت و لەسەر وێب سایتی ئەلیکترۆنی وەزارەتی ناوخۆ (moi.gov.krd) دادەنرێت.

٢-هەر کۆمپانیایەك یان و پێشانگایەکی فرۆشتنی ئۆتۆمبێل کۆدێکی تایبەتی پێ دەدرێت بەرامبەر بڕێك رسومات کە لەم ڕێنماییە دیاری کراوە و ساڵانە نوێ دەکرێتەوە.

## مەرجەکانی بارەگای کۆمپانیا یان پێشانگای فرۆشتنی ئۆتۆمبێل

**ماددەی (٦):**

١- پێویستە بارەگای کۆمپانیا یان پێشانگای فرۆشتنی ئۆتۆمبێل ڕووبەری لە (٥٠٠م٢) کەمتر نەبێت کە (١٠٠م٢) بۆ بارەگای کۆمپانیا یان پێشانگا دەبێت و (٤٠٠م٢) بۆ شوێنی نمایش کردنی ئۆتۆمبێل تەرخان دەکرێت.

٢- دەکرێت شوێنی نمایش کردنی ئۆتۆمبێل داخراو یان کراوە بێت.

٣-ئۆفیسی کۆمپانیا یان پێشانگا دەبێت بە لایەنی کەم ئەم ژوورانە لە خۆ بگرێت:

أ. ژووری بەڕێوەبەری ڕێگەپێدراو.

ب. هۆڵی پێشوازی کڕیاران.

ج. کافتریا.

٤- پێویستە کۆمپانیا یان پێشانگای فرۆشتنی ئۆتۆمبێل ژوورێکی تایبەت بۆ ئەرشیفی ئۆتۆمبێلە فروشراوەکان ئامادە بکات کە تێدا بۆ هەر ئۆتۆمبێلێك فایلێك ڕێك بخات کە ئەم بەڵگەنامانە لە خۆ بگرێت:

أ. گرێبەستی ستانداردی فرۆشتنی ئۆتۆمبێل.

ب. وێنەیەکی ڕەنگاوڕەنگ لە منافیست و گشت بەڵگەنامەکانی ئۆتۆمبێلی فرۆشراوە بۆ یەکەم جار یان ئۆتۆمبێلی پێشتر تۆمارکراو و فرۆشراوە لەلایەن کۆمپانیا یان پێشانگا.

**ماددەی (٧):**

١- هیچ کۆمپانیا یان پێشانگایەکی فرۆشتنی ئۆتۆمبێل ڕێگای پێ نادرێت ئۆتۆمبێل لەسەر جادە یان شۆستە نمایش بکات و ئەو کۆمپانیایە کە سەرپێچی دەکەن بەپێی ئەو پێبژاردانەی لەم ڕێنماییە دیاری کراون پێبژاردنی پێ دەکرێت و دەبێت ئۆتۆمبێلە زیادەکان لە کۆگای تایبەت بە کۆمپانیا یان پێشانگا کۆگا بکات.

٢- پێویستە کۆمپانیا یان پێشانگای فرۆشتنی ئۆتۆمبێل گشت مەرجەکانی بەرگری شارستانی جێبەجێ بکات بەپێی پشکنینی لیژنەی بەرگری شارستانی تایبەتمەند و هاوپێچی بکات لە کاتی پێشکەش کردنی داواکاری پێدانی مۆڵەتی کارکردن بۆ وەزارەتی ناوخۆ.

**ماوەی تۆمارکردنی ئۆتۆمبێل**

**ماددەی (٨):**

١- هەر ئۆتۆمبێلێکی هاوردە کراو کە بەپێی ئەم ڕێنماییە دەفرۆشرێت پێویستە لە ماوەی (٦٠) ڕۆژ لە واژووکردنی گرێبەستی فرۆشتنی ئۆتۆمبێل تۆمار بکرێت بە پێچەوانەوە کریار دووچاری ئەو پێبژاردنە دەبێت کە لەم ڕێنماییە دیاری کراوە.

٢- هەر ئۆتۆمبێلێکی تۆمارکراو لە بەرێوەبەرایەتیەکانی هاتووچۆی هەرێم کە بەپێی ئەم ڕێنماییە دەفرۆشرێت پێویستە لە ماوەی (٣٠) ڕۆژ لە واژووکردنی گرێبەستی فرۆشتنی ئۆتۆمبێل گواستنەوەی خاوەندارێتی بۆ بکرێت لە فرۆشیار بۆ کریار، بە پێچەوانەوە کریار و فرۆشیار دووچاری ئەو پێبژاردانە دەبن کە لەم ڕێنماییە دیاری کراوە.

٣-هەر ئۆتۆمبێلێکی فروشراو بەپێی بڕگەی (٢،١)ی سەرەوە لەو ماوەی دیاری کراوە فرۆشراو تۆمار نەکرا یان گواستنەوەی خاوەندارێتی بۆ نەکرا ئەوا گرێبەستی فرۆشتن هەڵدەوەشێتەوە بەپێی ئەو پێبژاردانەی کە لەم ڕێنماییە دیاری کراوە پێبژاردن بەکۆمپانیا یان پێشانگای فرۆشیار دەکرێت

**ماددەی (٩):**

پێویستە لەسەر کۆمپانیای هاوردەکردن یان فرۆشتنی ئۆتۆمبێل ئەو ئۆتۆمبێلانەی کە هاوردەی کردووە دوای تێپەربوونی ماوەی (٩٠) ڕۆژ لەسەر داخل کردنی ئۆتۆمبێل لەسەر ناوی کۆمپانیا تۆماری بکات ئەگەر نەفرۆشرابێت لەو ماوەیەدا.

**ئەحکامە دارییەکان**

**ماددەی (١٠):**

**یەکەم/ رسومات:**

١- بڕی (٢,٠٠٠,٠٠٠) دوو ملیۆن دینار وەك رسوماتی ساڵانە بەرامبەر پێدانی مۆڵەتی کارکردن و نوێکردنەوەی کۆمپانیای (هاوردەکردن یان گواستنەوە یان فرۆشتنی ئۆتۆمبێل)، ئەگەر تەنها یەك لەو سێ چالاکییەی هەڵبژارد.

٢-بڕی (٤,٠٠٠,٠٠٠) چوار ملیۆن وەك رسوماتی ساڵانە بەرامبەر پێدانی مۆڵەتی کارکردن، ئەگەر کۆمپانیا دوو چالاکی هەڵبژارد.

٣-بڕی (٦,٠٠٠,٠٠٠) شەش ملیۆن دینار وەك رسوماتی ساڵانە بەرامبەر پێدانی مۆڵەتی کارکردن ، ئەگەر کۆمپانیا هەرسێ چالاکی هەڵبژارد.

٤-بڕی (٢,٠٠٠,٠٠٠) دوو ملیۆن دینار وەك رسوماتی ساڵانە بەرامبەر پێدانی مۆڵەتی کارکردن و نوێکردنەوەی پێشانگای فرۆشتنی ئۆتۆمبێل.

٥-کۆمپانیا یان پێشانگای فرۆشتنی ئۆتۆمبێل بڕی (١,٠٠٠,٠٠٠) یەك ملیۆن دینار ساڵانە دەدات بە وەزارەتی ناوخۆ وەك رسوماتی پێدانی کۆدی فرۆشتنی ئۆتۆمبێل بەپێی گرێبەستی ئەلیکترۆنی ستاندارد و ساڵانە بە هەمان بڕ کۆدەکەی نوێ دەکرێتەوە.

٦-بڕی (٢٥,٠٠٠) بیست وپێنج هەزار دینار وەردەگیرێت وەك رسوماتی پەسەندکردنی گرێبەستی ئەلیکترۆنی ستاندارد لە بەشی یاسایی بەرێوەبەرایەتیەکانی هاتووچۆی هەرێم.

٧-بڕی(٢٥٠,٠٠٠) دوو سەد وپەنجا هەزار دینار وەك رسوماتی پشکنینی لەو کۆمپانیا یان پێشانگانەی کە لەم رێنماییە دیاری کراون وەردەگیرێت بە مەبەستی وەرگرتن و نوێ کردنەوەی مۆڵەتی کارکردن.

**دووەم/ پێبژاردنەکان :**

١- بڕی (٥٠,٠٠٠) پەنجا هەزار دینار وەك پێبژاردنەکانی دواکەوتن لە پەسەندکردنی گرێبەستی فرۆشتنی ئۆتۆمبێل.

٢- بڕی (١٠٠,٠٠٠) سەد هەزار دینار رۆژانە وەك پێبژاردنەکانی دواکەوتن لە نوێ کردنەوەی مۆڵەتی کاری کۆمپانیای (هاوردە و هێنان و فرۆشتنی ئۆتۆمبێل) و پێشانگای فرۆشتنی ئۆتۆمبێل و نوێ نەکردنەوەی کۆدی فرۆشتنی ئۆتۆمبێل.

٣- بڕی (١٠٠,٠٠٠) سەد هەزار دینار وەك پێبژاردنەکانی نمایش کردنی هەر ئۆتۆمبێلێك لەسەر جادە و شۆستەکان لەگەڵ لابردنی سەرپێچی.

٤- بڕی (٧٠,٠٠٠) حەفتا هەزار دینار رۆژانە وەك پێبژاردن بۆ هەر ئۆتۆمبێلێك دەدرێت لە لایەن کۆمپانیای (هاوردەکەر یان فرۆشیار) و پێشانگای فرۆشتنی ئۆتۆمبێل لە کاتی تێپەربوونی ماوەی (٩٠) رۆژ لە سەر هاوردەکردنی ئۆتۆمبێل وتۆمار نەکردنی.

**سێیەم:**

١- ئەو بڕە رسوماتانەی خاڵەکانی (٥،٤،٣،٢،١)ی بڕگەی یەکەمی سەرەوە لە لایەن وەزارەتی ناوخۆ وەردەگیرێت و دەخرێتە سەر ئەژمێری کۆمپانیا ئەمنییەکان و رێگە پێدان لەدیوانی وەزارەتی ناوخۆ.

٢- ئەو بڕە رسوماتەی خاڵی (٧،٦)ی بڕگەی یەکەمی سەرەوە لە لایەن بەرێوبەرایەتیەکانی هاتووچۆ وەردەگیرێت و دەخرێتە سەر ئەژمێری پەرەپێدانی هاتووچۆ.

**چوارەم:**

١- ئەو بڕە پێبژاردنەی خاڵی (٢)ی بڕگەی دووەمی سەرەوە لە لایەن وەزارەتی ناوخۆ وەردەگیرێت و دەخرێتە سەر ئەژمێری کۆمپانیا ئەمنییەکان و رێگە پێدان لە دیوانی وەزارەتی ناوخۆ.

٢- ئەو بڕە پێبژاردنەی خاڵەکانی (٤،٣،١)ی بڕگەی دووەمی سەرەوە لەلایەن بەرێوبەرایەتیەکانی هاتووچۆ وەردەگیرێت و دەخرێتە سەر ئەژمێری پەرەپێدانی هاتووچۆ.

**ماددەی (١١):**

١- پێویستە کۆمپانیای هاوردەکردنی ئۆتۆمبێل پابەندبێت بە ڕێنمایی ژمارە (٤)ی ساڵی ٢٠٢٠ و هەر ڕێنماییەکی تر کە دواتر دەردەچێت تایبەت بە مەرجەکانی هاوردەکردنی ئۆتۆمبێل و بەرپرسیارەتی سەرپێچی کردنی ڕێنماییەکان دەکەوێتە ئەستۆی.

٢- کۆمپانیای گواستنەوەی ئۆتۆمبێل هیچ بەرپرسیارەتی هەبوونی سەرپێچی لە ڕێنماییەکان هاوردەکردنی ئۆتۆمبێل ناکەوێتە ئەستۆی و لە خاڵی سنووری ئەگەر ئۆتۆمبێلەکان لە پشکنین دەرنەچوون پێویستە لەسەر کۆمپانیای گواستنەوە ئەو ئۆتۆمبێلە بگەڕێنێتەوە.

٣-کەسی سروشتی بۆی هەیە ساڵانە (٢) دوو ئۆتۆمبێل هاوردە بکات و گشت بەرپرسیارەتی هەبوونی سەرپێچی لە ڕێنماییەکان دەکەوێتە ئەستۆی ئەو کەسە.

**ماددەی (١٢):**

١- لیژنەیەك لە بەڕێوەبەرایەتیەکانی هاتووچۆ پێك دەهێنرێت بە مەبەستی پشکنینی ئەو کۆمپانیا و پێشانگانەی فرۆشتنی ئۆتۆمبێل کە داواکاری پێشکەش دەکەن بۆ وەرگرتنی مۆڵەت یان نوێ کردنەوە بە مەبەستی دڵنیابوون لە هەبوونی مەرجەکان بە ئەندامیەتی نوێنەری بەشی زێدەرەوی لە سەرۆکایەتی شارەوانی پەیوەندیدار.

٢-لیژنەیەکی پشکنین و لیژنەیەکی بەدواداچوون لە بەڕێوەبەرایەتیەکانی هاتووچۆ پێك دەهێنرێت بە ئەندامیەتی نوێنەری بەشی زێدەرەوی لە سەرۆکایەتی شارەوانی پەیوەندیدار بە مەبەستی پشکنینی کۆمپانیاکانی (هاوردە و فرۆشتی ئۆتۆمبێل) و پێشانگانەی فرۆشتنی ئۆتۆمبێل بۆ دەست نیشان کردنی سەرپێچییەکان و ئەنجام دانی کاری پێویست بەپێی ئەم ڕێنماییە.

٣-ئەم لیژنانەی خاڵی (١و٢) سەرەوە هەر (٦) مانگ جارێك دەگۆڕدرێن.

**ماددەی (١٣):**

١- هیچ گرێبەستێکی فرۆشتنی ئۆتۆمبێل لە دەرەوەی ئەم ڕێنماییە کاری پێ ناکرێت.

٢- ئەم ڕێنماییە هەموو جۆرە ئۆتۆمبێل و ئامێر و ماتۆرسکیلێك دەگرێتەوە.

**ماددەی (١٤):**

گشت ئەو کۆمپانیا و پێشانگانەی کە لە دوای ٢٠٢١/٦/١ خۆیان تۆمار نەکردووە دادەخرێن.

**ماددەی (١٥):**

ئەم ڕێنماییانە لە ڕۆژی بڵاوکردنەوەی جێبەجێ دەکرێت لە ڕۆژنامەی (وەقایعی کوردستان).

**ڕێبەر أحمد**
**وەزیری ناوخۆ**

**وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوان**

**ژمارە: ٤٢٤ لە ٢٠٢١/٢/١١**

پاڵپشت بە ماددەی (سێیەم) لە یاسای ژمارە(٤)ی ساڵی ٢٠١٣ یاسای هەمواری یەکەمی یاسای ئیمتیازاتی زیندانیکراو و گیراوی سیاسی کوردستانی ژمارە (١١)ی ساڵی ٢٠١١، بڕیارماندا بە دەرکردنی ئەم ڕێنماییە:

## ڕێنمایی ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٢١
## ڕێنمایی ئاسانکاری جێبەجێکردنی یاسای ئیمتیازاتی زیندانیکراو و گیراوی سیاسی کوردستانی ژمارە (١١)ی ساڵی ٢٠١١ی هەموارکراو

**ماددەی(١):** بەپێی یاسای چاکسازی لە مووچە و دەرماڵە و بەخشین و ئیمتیازاتەکان و خانەنشینی لە هەرێمی کوردستان-عێراق ژمارە(٢)ی ساڵی ٢٠٢٠، ووردبینی و پێداچوونەوە بە دۆسیەی زیندانیکراو و گیراوی سیاسی دەکرێت، لەدوای دەرچوونی فەرمانی وەزاری مینحەی بۆ دیاریدەکرێت،پاش پەسەندکردنی لەلایەن سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران.

**ماددەی(٢):**

**یەکەم:** زیندانیکراو و گیراوی سیاسی لە دوای تەواو بوونی ماوەی (١٠)ساڵی مینحەکەی ئەگەر هیچ مووچەیەکی تری نەبوو مینحەی خانەنشینی مانگانەی بەردەوام دەبێت.

**دووەم:** زیندانیکراو و گیراوی سیاسی ئەگەر فەرمانبەر بوو پاش تەواو بوونی ماوەی (١٠)ساڵی مینحەکەی ئەگەر مینحەی خانەنشینی مانگانەی زیندانی سیاسی هەڵبژارد ڕاستەوخۆ کۆتایی بەراژەکەی دەهێنرێت .

**ماددەی(٣):** زیندانیکراو و گیراوی سیاسی کە بە شەهید تۆمار دەکرێت وارسەکەی تەنها بەپێی یاسای ماف و ئیمتیازاتی کەسوکاری شەهیدان و ئەنفالکراوەکان لە هەرێمی کوردستان-عێراق ژمارە (٩)ی ساڵی ٢٠٠٧ی هەموارکراو سودمەند دەبێت.

**ماددەی(٤):** ئەو زیندانیکراو و گیراوی سیاسیانەی کە رزگاربووی شاڵاوەکانی ئەنفالن ئەگەر لە یاسای ماف و ئیمتیازاتی کەس و کاری شەهید و ئەنفالکراوەکان لە هەرێمی کوردستان-عێراق ژمارە(٩)ی ساڵی٢٠٠٧ی هەموارکراو سوودمەند بوون لە یاسای ئیمتیازاتی زیندانیکرا و گیراوی سیاسی کوردستانی ژمارە (١١)ی ساڵی ٢٠١١ی هەموارکراو سوودمەند نابن.

**ماددەی(٥):** ئەو منداڵەی لەزینـدان لە دایـک بووبێـت، وەک گیـراوی سیاسـی تۆمـار دەکرێـت، ئەگەر لە کاتی لە دایکبوونیدا دایکی زیندانیکراوی سیاسی یان گیراوی سیاسی بووبێـت.

**ماددەی(٦):** ئەو کەسانەی حـوکمی (غیـابی) دراون بەڵام زینـدانی نەکـراون بە زینـدانیکراوی سیاسـی تۆمار ناکرێن.

**ماددەی(٧):** زیندانیکراو و گیراوی سیاسی لە کاتی تەواوبوونی ماوەی مینحەکانیـان بە هەرهۆکارێـک بێت ناو و دۆسیەکانیان لە وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوان دەمێنێتەوە.

**ماددەی(٨):** لە کاتی کۆچی دوایی زینـدانیکراو و گیـراوی سیاسـی بەپێـی یاسـای خانەنشـینی بەرکـار مامەڵە لەگەڵ وارسەکانیان دەکرێـت.

**ماددەی(٩):** ئەو زیندانیکراو و گیـراوە سیاسـیەی کە میـنحەی هەیە لە حکـومەتی عێراقـی فیـدراڵ و حکومەتی هەرێمی کوردستان تەنها لە یەکێکیان سوودمەند دەبێت.

**ماددەی(١٠):** کار بەهیچ ڕێنماییەک ناکرێت کە ناکۆک بێت لەگەڵ حوکمەکانی ئەم ڕێنماییە.

**ماددەی(١١):** ئەم ڕێنمـاییە لە ڕێکەوتـی بڵاوکـردنەوەی لە ڕۆژنـامەی فەرمـی (وەقـایعی کوردسـتان) جێبەجێدەکرێت.

**عبدالله حاجی محمود**

**وەزیری کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوان**

**وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوان**

**ژمارە: ٤٣٣ لە ٢٠٢١/٢/١١**

پاڵپشت بە ماددەی (هەشتەم)لە یاسای ماف و ئیمتیازاتی کەسوکاری شەهیدان و ئەنفالکراوەکان لە هەرێمی کوردستان- عێراق ژمارە (٩)ی ساڵی ٢٠٠٧ی هەموارکراو بڕیارماندا بە دەرکردنی ئەم ڕێنماییە:

**ڕێنمایی ژمارە(٢)ی ساڵی ٢٠٢١**

**ڕێنمایی ئاسانکاری جێبەجێکردنی یاسای ماف و ئیمتیازاتی کەسوکاری شەهیدان و ئەنفالکراوەکان لە هەرێمی کوردستان-عێراق ژمارە (٩)ی ساڵی ٢٠٠٧ی هەموارکراو**

**ماددەی (١):**

**یەکەم:** هەر پێشمەرگەیەک یان خەباتگێڕێکی سیاسی لەکاتی ئاوارەییدا بۆ وولاتانی دەوروبەر تا ڕێکەوتی ١٩٩٣/١٢/٣١ گیانی لەدەستدابێت بە شەهیدی سەنگەر تۆمار دەکرێت.

**دووەم:** هەر زیندانیکراو و گیراوێکی سیاسی لە سێدارە درابێت یان گوللەباران کرابێت یان لە زیندان گیانی لە دەستدابێت بە شەهیدی سەنگەر تۆمار دەکرێت.

**سێیەم:** گیراو و ڕاگیراو لە پرۆسەکانی جینۆسایدی گەلی کوردستان لە زیندانەکاندا گیانی لەدەستدابێت بە شەهیدی جینۆساید تۆمار دەکرێت.

**چوارەم** : هەر هاوڵاتییەک لەکاتی ئاوارەییدا بۆ وولاتانی دەوروبەر پێش ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١ تا ڕێکەوتی ١٩٩٣/١٢/٣١ گیانی لەدەستدابێت بە شەهیدی هاوڵاتی تۆمار دەکرێت.

**پێنجەم:** هەر هاوڵاتییەک بەهۆی کۆچپێکردنی بەزۆرە ملێ لە ڕێکەوتی ١٩٧٥/٥/١تاوەکو ١٩٧٨/١٢/٣١ دوورخرابێتەوە بۆ ناوەراست و باشووری عێراق و لەوێ گیانی لەدەستدابێت بە شەهیدی هاوڵاتی تۆمار دەکرێت، ئەوانەشی کە بەبەڵگە دەیسەلمێنن پاش ئەو ڕێکەوتە بەزۆر گلدراونەتەوە.

**شەشەم:** هەر هاوڵاتییەک بەهۆی کۆچڕەوە ملیۆنیەکەی گەلی کوردستان لە ڕێکەوتی ١٩٩١/٣/٣١ تا ڕێکەوتی ١٩٩١/٧/١ کۆچی دوایی کردبێت بە شەهیدی هاوڵاتی تۆمار دەکرێت.

**حەوتەم:** هەر هاوڵاتییەک لە ئەنجامی کارەجەنگیەکانی (تۆپباران،بۆردومان،مین و تەقەمەنییەکان) گیانی لەدەستدابێت بە شەهیدی هاوڵاتی تۆمار دەکرێت، بەمەرجێک لەلایەن ڕژێمی پێشووی عێراقەوە وەک خانەنشین تۆمار نەکرابێت.

**هەشتەم:** هەر هاوڵاتییەک لە ئەنجامی (خۆپیشاندان، ڕەشبگیری) تا ڕاپەڕینی ١٩٩١ گیانی لەدەستدابێت بە شەهیدی هاوڵاتی تۆمار دەکرێت.

**نۆیەم:** شەهیدانی تاوانەکانی جینۆسایدی فەیلیەکان تا ١٩٨٠/١٢/٣١ بە شەهیدی جینۆساید تۆمار دەکرێن.

**دەیەم:** شەهیدانی تاوانەکانی جینۆسایدی بارزانیەکان تا ڕێکەوتی ١٩٨٣/١٢/٣١ بە شەهیدی جینۆساید تۆمار دەکرێن.

**یازدەیەم:** شەهیدانی تاوانەکانی شاڵاوی ئەنفال تا ڕێکەوتی ١٩٨٨/١٢/٣١بە شەهیدی جینۆساید تۆمار دەکرێن.

**دوازدەیەم:** شەهیدانی کیمیابارانی هەڵەبجە لە ڕێکەوتی ١٩٨٨/٣/١٦و ئەوانەی دواتر بەهۆی کاریگەری بەرکەوتەییەکەی گیانی لەدەستدابێت یان گیان لە دەستبدات بە شەهیدی جینۆساید تۆمار دەکرێن.

**سێزدەیەم:** شەهیدانی کۆمەڵکوژی پێکهاتەکانی گەلی کوردستان لە(کورد، تورکمان، کلدان سریان ئاشورییەکان، ئەرمەنەکان و ئەوانی تر)بەشەهیدی جینۆساید تۆمار دەکرێن.

**ماددەی(٢):** ئەوانەی ماددەی یەکەم لە یاسای بزربووەکان لە هەڵمەتەکانی لەناوبردنی بە کۆمەڵی گەلی کوردستانی عێراق ژمارە(٣)ی ساڵی ١٩٩٩، کە حوکمەکانی یاسای ماف و ئیمتیازاتی کەسوکاری شەهیدان و ئەنفالکراوەکان لە هەرێمی کوردستان-عێراق ژمارە(٩)ی ساڵی ٢٠٠٧ی هەموارکراو دەیانگرێتەوە، دوای دەرچوونی حوکمی مردنیان لەلایەن دادگاوە بە شەهید تۆمار دەکرێن.

**ماددەی(٣):** هاوسەران و منداڵانی شەهید هەمان ماف و ئیمتیازیان هەیە کە بۆ یەک هاوسەر و منداڵ بڕیاری لەسەر دراوە.

**ماددەی(٤):** وارسی شایستە(مستحق) سوودمەند دەبێت لە ماف و ئیمتیازاتی تەرخانکراو بەپێی یاسا لە ڕێکەوتی تۆمارکردنی بە وارس.

**ماددەی(٥):** خوشک و برای شەهیدی سەنگەر، خوشک و برا و کچ و کوڕی شەهیدی هاوڵاتی لە دوای پشتراستکردنەوە کە وارسی لە پێشتریان نەبێت پێویستە بە بەڵگەنامەی فەرمی و یاسایی بیسەلمێنێت کە هیچ مووچەیەکی نیە بە وارسی شایستە تۆمار دەکرێن.

**ماددەی(٦):** ئەو شەهیدەی مینحەی شەهیدانەی هەیە لە حکومەتی عێراقی فیدراڵ و حکومەتی هەرێمی کوردستان وارسەکەی تەنها لە یەکێکیان سوودمەن دەبێت.

**ماددەی(٧):** هەرکەسێکی خاوەن بەرژەوەندی مافی هەیە بۆ یەک بابەت تەنها یەکجار ناڕەزایی تۆمار بکات لە لای لیژنەی تێڕوانینی ناڕازیبوون(لیژنەی سکاڵا)ی وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوان.

**ماددەی (٨):** لە کاتی نەمانی وارسی یاسایی شەهید یان نەمانی مینحەی شەهید بە هەرهۆیەک، مینحەکەی دەگەڕێتەوە بۆ گەنجینەی هەرێم و ناو و دۆسیەی وەک شەهید لە وەزارەت دەمێنێتەوە.

**ماددەی (٩):** بۆ تۆمارکردنی شەهید لە بەڕێوەبەرایەتییە گشتییەکان دوای پێشکەشکردنی بەڵگەنامەکان لەلایەن وارسی شەهید لیژنەیەک بەسەرۆکایەتی فەرمانبەرێک کە پلەکەی لە بەڕێوەبەری گشتی کەمتر نەبێت پێکدەهێنرێت و دوای لێکۆڵینەوە و ووردبینی لە بەڵگەنامەکان، بڕیاری لیژنە بەرزدەکرێتەوە بۆ وەزیری کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوان بەمەبەستی پەسەندکردن.

**ماددەی (١٠):** گشت ڕێنماییە دەرچووەکانی پێش ئەم ڕێنماییە بۆ جێبەجێکردنی یاسای ماف و ئیمتیازاتی کەسوکاری شەهیدان و ئەنفالکراوەکان لە هەرێمی کوردستان- عێراق ژمارە (٩)ی ساڵی ٢٠٠٧ی هەمووارکراو هەڵدەوەشێنەوە.

**ماددەی (١١):** ئەم ڕێنماییە لەڕێکەوتی بڵاوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان) جێبەجێدەکرێت.

**عبدالله حاجی محمود**
**وەزیری کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوان**

**وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی**

**ژمارە: ٤٧٤ لە ٢٠٢١/١/٢٥**

پشت بەستن بەحوکمەکانی بڕگەی (یەکەم) لەماددەی (٥١) و بڕگەی(دووەم) لە ماددەی (١٠٥) لەیاسای چاودێری کۆمەڵایەتی ژمارە (١٢٦)ی ساڵی ١٩٨٠و بڕگەی (یەکەم) لەماددەی (٨) لەپەیڕەوی ژمارە(٤)ی ساڵی(٢٠٢٠) تایبەت بەجێبەجێکردنی یاسای چاکسازی لە مووچە ودەرماڵە وبەخشین وئیمتیازاتەکان و خانەنشینی لەهەرێمی کوردستان– عێراق ژمارە(٢)ی ساڵی٢٠٢٠ , ئەم ڕێنماییەمان دەرکرد:

## ڕێنمایی (١) ساڵی ٢٠٢١

## ڕێنمایی ناوەندی دەستنیشانکردنی کەمئەندامی

**ماددەی (١): پێناسەکان**

مەبەست لەو دەستەواژانەی خوارەوە , بۆ مەبەستەکانی ئەم ڕێنماییە ماناکانی بەرامبەریانە :

**یەکەم:** هەرێم: هەرێمی کوردستان _ عێراق .

**دووەم:** حکومەت: حکومەتی هەرێمی کوردستان _ عێراق .

**سێیەم:** وەزارەت: وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی هەرێم .

**چوارەم:** وەزیر: وەزیری کارو کاروباری کۆمەڵایەتی هەرێم .

**پێنجەم:** ناوەند: ناوەندی دەستنیشانکردنی کەمئەندامی لە هەرێم .

**شەشەم:** لیژنەی هونەری: لیژنەی دەستنیشانکردنی کەمئەندامی لە هەرێم .

**ماددەی(٢):** ئامانجەکانی ناوەند بریتین لەمانەی خوارەوە:

**یەکەم:** دەستنیشانکردنی جۆرو ڕێژەی کەمئەندامی بۆ مەبەستی پەروەردەیی وکۆمەلایەتی و فێرکردن و شیاندن و بەکارخستن .

**دووەم:** دەستنیشانکردنی پێشوەختە بۆ منداڵانی کەمئەندام لەپێناو شیاندنی پێشوەخت بۆ هەریەك لە بوارەکانی پزیشکی و کۆمەڵایەتی و دەروونی و خێزانی بە مەبەستی کەمکردنەوەی شوێنەواری پێکانەکانی بۆ کەمترین ئاست و گەیاندنی تواناکانیان بۆ باشترین ئاستی گونجاو.

**سێیەم:** کارکردن بۆ جێبەجێکردنی پەیماننامە و لێك تێگەیشتن و پرۆگرامە نێودەوڵەتییەکانی پەیوەست بە کەمئەندامان بە هەماهەنگی لەگەڵ لایەنی پەیوەندیدار .

**ماددەی (٣):** ئەرکەکانی ناوەند بریتین لەمانەی خوارەوە :

**یەکەم:** پێشوازی و پۆلین کردنی کەمئەندامان ودیاریکردنی جۆر و ڕێژەی کەمئەندامی و ناردنیان بۆ شوێنی پەیوەندیدار بەمەبەستی :

**١-** وەرگرتنیان لەپەیمانگاکانی کەمئەندامان بەپێی پسپۆری .

**٢-** سوودمەندبوونیان لە مووچەی کەمئەندامی .

**٣-** گۆڕینی خانەی (بار - الحالة) لە ناسنامەی باری شارستانی لەساغ بۆ کەمئەندام.

**دووەم:** خەرجکردن(دابینکردن) ی ئامێرە یاریدەدەرەکان وەکو (سەماعە ، چاوێلکە ، کورسی .... هتد) بەپێی جۆر و ڕێژەی کەمئەندامی .

**سێیەم:** ناردنی کەمئەندامان بۆ لایەنی پزیشکی بەمەبەستی نەشتەرگەری و چارەسەری سروشتی .

**چوارەم:** ڕێکخستن و ئامادەکردن و سەرپەرشتی کردنی خولەکانی ڕاهێنانی کارمەندانی کارکردوو لە بواری چاودێری کەمئەندامان بەمەبەستی بەرزکردنەوەی ئاستیان .

**ماددەی (٤):** ناوەند پێکدێت لەمانەی خوارەوە :

**یەکەم: بەرێوەبەری ناوەند :**

ناوەند بەرێوەدەبرێت لەلایەن فەرمانبەرێك بەپلەی بەرێوەبەر کە خزمەتی لە (١٠) دە ساڵ کەمتر نەبێت لە بواری کەمئەندامان و بەلایەنی کەم هەڵگری بڕوانامەی بکالۆریۆس بێت لەیەکێ لەپسپۆریەکانی کۆمەڵناسی یان دەروونناسی یان پەروەردەی تایبەت ، جێبەجێکاری بڕیارەکانی لیژنەی هونەری دەبێت و ژمارەیەك فەرمانبەر هاوکاری دەکەن .

**دووەم: لیژنەی هونەری:**پێکدێت لەمانەی خوارەوە :

| | |
|---|---|
| **١-** بەرێوەبەری ناوەند | سەرۆك |
| **٢-**پزیشکی پسپۆری دەروونی و عەقڵی | ئەندام |
| **٣-**پزیشکی پسپۆری شکان و دەمار | ئەندام |
| **٤-**پزیشکی پسپۆری چارەسەری سروشتی | ئەندام |
| **٥-** پزیشکی پسپۆری چاو | ئەندام |
| **٦-**پزیشکی پسپۆری قورگ و لوت و گوێ | ئەندام |
| **٧-**پزیشکی پسپۆری منداڵان | ئەندام |
| **٨-** توێژەری دەروونی | ئەندام |
| **٩-** توێژەری کۆمەڵایەتی | ئەندام |

**سێیەم:** سکرتێری لیژنە فەرمانبەرێك دەبێت کە خزمەتی لە (٥) پێنج ساڵ کەمتر نەبێت و بەلایەنی کەم هەڵگری بڕوانامەی بکالۆریۆس بێت وهەڵدەستێت بەئامادەکاری ورێکخستنی کۆبوونەوەکان و نوسینی کۆنووس و بڕیارەکان و ڕێکخستن و ناردنی بۆ کارگێری ناوەند و هەماهەنگی کردن لەگەڵ پێکهاتەکانی بۆ تۆمارکردن و پاراستنی داتاکان .

**چوارەم :** ناوەند ئەم یەکانەی خوارەوە لەخۆ دەگرێت :

**١-** بیستن : پێوانەی بیستن و تاقیگەی بیستن .

**٢-** بینین وتاقیگەی بینین .

**٣-** عەقلی ودەروونی و تاقیکردنەوەی زیرەکی .

٤- فیزیایی و جەستەیی .

٥- ڕێنمۆیی خێزانی .

**ماددەی (٥)**

**یەکەم:** بارەگای ناوەند لە پایتەختی هەرێم دەبێت .

**دووەم:** لیژنەی لاوەکی لەپارێزگاکان و ئیدارە سەربەخۆکانی هەرێم پێکدەهێندرێت کە لەپێنج ئەندام پێکدێت و ڕاپۆرتەکانیان ڕەوانەی ناوەند دەکرێت بەمەبەستی بڕیاردان لەسەری .

**ماددەی (٦):** میکانیزمی دەستنیشان کردنی کەمئەندامی بەم شێوەی خوارەوەیە :

**یەکەم:** پێشکەشکردنی داواکاری : لە ڕێگەی وەرگرتن و پرکردنەوەی فۆرمی هاوپێچ ژمارە (١) وپێشکەشکردنی بەلگەنامەی پێویست .

**دووەم:** ئەنجامدانی پشکنین : لە ڕێگەی پڕکردنەوەی فۆرمی هاوپێچ ژمارە (٢) و ئەنجامدانی پشکنین لەلایەن لیژنەی هونەری .

**سێیەم:** ئامادەکردنی ڕاپۆرت لەلایەن توێژەرانی کۆمەڵایەتی و دەروونی بۆ بەردەم لیژنەکە .

**ماددەی(٧):** ئەم ڕێنماییە لە ڕێکەوتی بڵاوکردنەوەی لەڕۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان) جێبەجێ دەکرێت.

**کوێستان محمد عبدالله**

**وەزیری کارو کاروبای کۆمەڵایەتی**

**فۆرمی ژمارە (١)**

**دەستنیشانکردنی پەککەوتەیی**

**یەکەم :زانیاری کەسی پەککەوتە**

١- ناوی سیانی :

٢- ڕێکەوتی لەدایک بوون :

٣- شوێنی لە دایک بوون :

٤- ناونیشانی:

٥- ژمارەی تەلەفۆن :

٦- ڕێکەوتی سەردانی کردن :

٧- جۆری پەککەوتەیی :

٨- ئایە سەردانی بنکەی ڕاوێژکاری تەندروستی کردووە بەمەبەستی دەستنیشان کردن ؟ بەلێ ( ) نەخێر ( )

**دووەم :زانیاری ژینگەی کەسی پەککەوتە**

١- ئایە دایک و باوکی لە ژیاندا ماون ؟ بەڵێ ( ) نەخێر ( )

٢- ئاستی بروانامەی زانستی باوک :

٣- ئاستی بروانامەی زانستی دایک :

٤- پیشەی سەرۆک خێزان :

٥- بڕی داهاتی مانگانەی خێزان :

٦- ژمارەی خوشک و برا : (١) (٢) (٣) (٤) (٥) (٦) (٧) (٨) (٩) (١٠)

٧- ریزبەندی کەسی پەککەوتە لەنێو خێزان : (١) (٢) (٣) (٤) (٥) (٦) (٧) (٨) (٩) (١٠)

٨- سەرۆکی خێزان زیاتر لە خێزانێکی هەیە : (١) (٢) (٣) (٤)

٩- ئایە خزمایەتی نێوان دایک و باوک هەیە ؟ چۆنە ؟

١٠- ئایە هەمان جۆری پەککەوتەیی هەیە لە نێوان و خێزان و عەشیرەتی ؟ بەڵێ ( ) نەخێر ( )

١١- تەمەنی باوک لەکاتی دایک بوونی کەسی پەککەوتە :

١٢- تەمەنی دایک لەکاتی لەدایک بوونی کەسی پەککەوتە :

١٣- ئایە دایک و باوک لە ژیاندا ماون ؟ بەڵێ ( ) نەخێر ( )

**سێیەم :هۆکاری پەککەوتەیی**

١- ئایە پشکنینی خوێن کراوە پێش هاوسەر گیری ؟ بەڵێ ( ) نەخێر ( )

٢- ئایە لە دایک بوون لە کام شوێن بووە ؟ نەخۆشخانە ( ) ماڵ ( ) شوێنی تر ( )

٣- ئایە لە دایک بوونە کە بەشێوەی سروشتی ( ) نەشتەرگەری ( ) شێوەی تر ( ) بووە ؟

٤- ئایە لەکاتی لەدایک بوون خراوەتە ( خدج ) ؟ بەڵێ ( ) نەخێر ( )

٥- ئایە تووشی پەلەی مۆر بووە لەکاتی لە دایکبوون ؟ بەڵێ ( ) نەخێر ( )

٦- ئایە تووشی زەردووی بوە لە کاتی لەدایکبوون ؟ بەڵێ ( ) نەخێر ( )

٧- ئایە تووشی روداوی بەرکەوتنی کەلە سەر بووە؟ بەڵێ ( ) نەخێر ( )

٨- ئایە کاتی لە دایکبون پێشکەوتووە یاخود دواکەوتووە ؟ پێشکەوتن ( ) دواکەوتن ( )

٩- ئایە لەکاتی پشکنینی دووگیانی هیچ دەستنیشانکردنی ناسروشتی بەدی کراوە لەمنداڵەکە ؟ بەڵێ ( ) نەخێر ( )

١٠- ئایە دایک لەکاتی دووگیانی دو چاری : بەرزبوونی پاڵەپەستۆی خوێن ( ) نەخۆشی دڵ و دەماری خوێن ( ) یاخود نەخۆشی تر ( ) بووە ؟

١١- ئایە تێبینی هیچ بارێکی ناسروشتی کراوە پاش لەدایکبوون ؟ بەڵێ ( ) نەخێر ( ) چی بووە ؟.........................

١٢- تووشی چ جۆرە نەخۆشیەک بووی دوای لە دایک بوون ؟ هەوکردن ( ) گەشکە (نوبات الصرعیە ( ) هەرنەخۆشیەکی تر ( ) .

١٣- ئایە لەکاتی دوو گیانی دایک سەردانی بنکەی تەندروستی کردووە ؟

١٤- ئایە لەکاتی دوو گیانی دایک داو و دەرمانی بەکار هێناوە ؟ بەڵێ ( ) نەخێر ( )

١٥- ئایە لەکاتی دوو گیانی دایک تووشی هیچ بەرکەوتنێکی دەرەکی یاخود باری دەروونی بووە؟ بەڵێ ( ) نەخێر ( )

١٦- ئایە دایک و باوک تووشی نەخۆشی (تناسلیە) بوون ؟ بەڵێ ( ) نەخێر ( ) چ جۆرە نەخۆشیەک ؟.................

١٧- ئایە دایک و باوک خواردنەوە کحولیەکان دەخۆنەوە ؟ بەڵێ ( ) نەخێر ( )

١٨- ئایە دایک و باوک جگەرە دەکێشن ؟ بەڵێ ( ) نەخێر ( )
١٩- ئایە لە ناو خێزان هیچ جۆرە نەخۆشیەکی بۆ ماوەیی و بەردەوام هەبووە ؟ بەڵێ ( ) نەخێر ( )
شەکرە ( ) بەرزی پاڵەپەستۆی خوێن ( ) تەنگە نەفەسی ( ) ڕۆماتیزم ( )
غدە الدرقیە ( ) شێرپەنجە ( ) هەر نەخۆشیەکی تر ( ) .

**چوارەم : باری فیسۆلۆجی (فسلجی) پەککەوتە :**

١- ئایە ئەندامی بیستنی منداڵ سروشتیە ؟
٢- ئایە ئەندامی بیستن توشی هەکردن هاتووە ؟
٣- ئایە ئەندامی بیستنی منداڵ هاوسەنگە لە ماوەی ساڵێکدا ؟
٤- ئایە ئامێری بیستنی بەکار دەهێنێت ؟ چ کاتێک ؟
٥- کەی منداڵ دەستی بەڕۆیشتن کرد ؟
٦- کەی منداڵ دەستی بەقسەکردن کرد ؟
٧- ئایە لە منداڵی بەم قۆناغانە دا ڕۆیشتووە ؟
دەربرینی ووشەی نادروست ( ) دەربرینی ووشەی تەواو و برگە ( ) دەربرینی رستەی تەواو ( )
٨- ئایە دەستی ڕاست یاخود چەپ بەکار دەهێنێت ؟
٩- ئایە هەست کراوە بە کەم بینینی منداڵ ؟
١٠- ئایە هەست بە هەبوونی شتی نامۆ دەکات ؟ کەی ؟
١١- ئایە منداڵ دوچاری بەرکەوتی دەرەکی چاو هاتووە ؟
١٢- ئایە دوچاری نەخۆشی چاو هاتووە ؟
١٣- ئایە خێزانی منداڵ هیچ تێبینی نا سروشتی کردووە لە کەلەی سەر ؟
١٤- ئایە کێشەی کەم بینینی شەوانی هەیە ؟
١٥- ئایە منداڵ سەردانی هیچ پزیشکێکی چاوی کردوە ؟ ئەنجامی پشکنین چی بووە ؟
١٦- باری ژیری(العقل) چۆن دەبیندرێت ؟ لەلایەن خێزانی ؟
١٧- هەڵسوکەوتی منداڵ چۆن دەبیندرێت ؟ ئارام چالاک توورە و توونە گۆشەگیر شەرانگێز هاروهاج (عنید )
١٨- ئایە کەسانی تری خۆش دەوێ ؟
١٩- ئایە لە کەسانی تر دەترسێت ؟
٢٠- ئایە حەز بەیاری کردن دەکات ؟
٢١- ئایە جولەی نەشاز ئەنجامدەدات ؟ چین ئەو جولانە ؟
٢٢ ئایە توانای کۆنترۆڵ کردنی دەردان بە (میز و پاشەرۆ)ی هەیە ؟
٢٣- ئایە بەشێوەیەکی سروشتی دەخەوێت ؟
٢٤- ئایە بەترسەوە لە خەو هەڵدەستێتەوە ؟
٢٥- ئایە سەر ئێشەی توند و گێژبوون (الصرع)ی هەیە ؟ بەڵێ نەخێر
چارەسەر بەکار دەهێنێت ؟ چ جۆرە چارەسەرێک بەکار دەهێنێت ؟

**پێنجەم :دەرئەنجام :**

١- نەرێنی (رأی)توێژەری کۆمەڵایەتی و دەروونی :

٢- دەرئەنجامی تاقیکردنەوەکانی (الاختبارات) بەجێهێندراو :

أ-

ب-

ت-

٣- دەستنیشانکردنی پزیشک :

---

## فۆرمی ژمارە (٢)

## دەستنیشانکردنی پەککەوتەیی

**یەکەم :زانیاری کەسی پەککەوتە**

١- ناوی سیانی :

٢- رێکەوتی لەدایک بوون :

٣- شوێنی له دایک بوون :

٤- ناونیشانی:

٥- ژمارەی تەلەفۆن :

٦- جۆری پەککەوتەیی:

٧- ئاستی خوێندن :

٨- جۆری پێداویستی بەکارهێندراو :

٩- باری کۆمەڵایەتی : خێزاندار ( ) زگورتی ( ) ژمارەی منداڵ : (١) (٢) (٣) (٤) (٥) (٦) (٧) (٨) (٩) (١٠)

**دووەم :** نەرێنی (رأی)توێژەری کۆمەڵایەتی و دەروونی :

**سێیەم :** دەستنیشانکردنی پزیشک :

**وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی**

**ژمارە: ٥١٢ لە ٢٠٢١/١/٢٧**

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی کە پێمان دراوە لە ماددەی (١٠٥) لە یاسای چاودێری کۆمەڵایەتی ژمارە (١٢٦) ساڵی ١٩٨٠ ئەم ڕێنماییەمان دەرکرد:

## ڕێنمایی ژمارە(٢)ی ساڵی ٢٠٢١
## هەموارکردنی یەکەمی ڕێنمایی ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠١٨
## تایبەت بە سەنتەرەکانی شەبەنگی ئۆتیزم لە هەرێمی کوردستان- عێراق

**ماددەی (١)**

هەموارکردنی خاڵی (أ) و (ب) لە برگەی یەکەمی ماددەی (٦) وبەم شێوەیە دەخوێندرێت :

**أ-** خاوەن ڕەگەزنامەی عێراقی ودانیشتووی هەرێمی کوردستان بێت.

**ب-** پسپۆری هەبێت لە یەکێك لە بوارەکانی دەروونی ، کۆمەڵایەتی ،پەروەردەی تایبەت، یان پابەند بێت بە دامەزراندنی بەڕێوەبەرێکی پسپۆر.

**ماددەی (٢)**

هەموارکردنی ماددەی (٧) و بەم شێوەیە خوارەوە دەخوێندرێت :

ئەم بڕە پارانەی خوارەوە وەردەگیرێت بۆ پێدانی مۆڵەت و نوێکردنەوەی:

**یەکەم:** بڕی (٢٠٠٠٠٠٠) دوو ملیۆن دینار بۆ پێدانی مۆڵەت .

**دووەم:** بڕی (٥٠٠٠٠٠) پێنج سەد هەزار دینار بۆ نوێکردنەوەی مۆڵەت.

**ماددەی سێیەم:**

**یەکەم:** هەموارکردنی برگەی دووەم لەماددەی (١١) وبەم شێوەیە خوارەوە دەخوێندرێت :

(( باڵەخانەکە سەربەخۆ بێت و هاوبەش نەبێت لە ڕێڕەو وخزمەتگوزارییەکانی باڵەخانەیەکی تر و رووبەری لە ( ٤٠٠ ) م٢ کەمتر نەبێت، و تەنها نهۆمی خوارەوە تایبەت دەکرێت وبەکاردێت بۆ منداڵان)).

**دووەم :** هەموارکردنی برگەی پێنجەم لە ماددەی (١١) وبەم شێوەیە خوارەوە دەخوێندرێت :

((رووبەری پۆلەکان لە ( ٤ × ٥ )م٢ کەمتر نەبێت و هەر منداڵیکی ئۆتیزم رووبەری (٢م٢) بۆ تەرخان دەکرێت)) .

**ماددەی چوارەم:**

**یەکەم :** هەموارکردنی برگەی یەکەم لەماددەی (١٤) وبەم شێوەیە خوارەوە دەخوێندرێت :

**بەڕێوەبەر :**

هەڵگری بڕوانامەی زانکۆیی تایبەتمەند وشارەزا بێت وخزمەتی لە (٥) پێنج ساڵ کەمتر نەبێت لەم بوارە.

**دووەم:** هەمواركردنی  برگەی سێ یەم لەماددەی (١٤) وبەم شێوەیە خوارەوە دەخوێندرێت:

**توێژەر** :

هەبوونی توێژەری دەروونی، کۆمەڵایەتی بۆ هەر **(٧)**منداڵ توێژەرێك .

**ماددەی  پێنجەم:**

وەزیر بۆی هەیە (٢) دوو منداڵی ئۆتیزم رەوانەی سەنتەرەکانی شەبەنگی ئۆتیزم لە کەرتی تایبەت بکات بەمەبەستی وەرگرتنیان بێ بەرامبەر.

**ماددەی شەشەم:**

ئەم رێنماییە جێبەجێ دەکرێت لە رێکەوتی بڵاوکردنەوەی لەرۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان).

**کوێستان محمد عبدالله**

**وەزیری کارو کاروباری کۆمەڵایەتی**

**وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی**

**ژمارە: ٥٨٤ لە ٢٠٢١/٢/١**

پشت بەستن بە ئەحکامی ماددەی (١٨) لە یاسای ماف و ئیمتیازاتی کەمئەندام و خاوەن پێداویستی تایبەت ژمارە (٢٢)ی ساڵی ٢٠١١ لە هەرێمی کوردستان-عێراق ، ئەم ڕێنماییەمان دەرکرد:

**ڕێنمایی ژمارە(٣)ی ساڵی ٢٠٢١**

**هەموارکردنی دووەمی ڕێنمایی ژمارە (٢)ی ساڵی (٢٠١٦)**

**تایبەت بە ماف و ئیمتیازاتی کەمئەندام و خاوەن پێداویستی تایبەت لە هەرێمی کوردستان – عێراق**

**ماددەی(١):**

**یەکەم:** هەموارکردنی بڕگەی دووەم لە ماددەی (هەشتەم) و بەم شێوەیە دەخوێندرێت:

(پلەی خزمایەتی زۆر نزیک بێت لە کەمئەندامەکە و لە ئەندامی خێزانەکەی خۆی بێت، ئەگەر نەبوو ئینجا لە دەرەوەی خێزانەکەی دەبێت بەپێی پلەی نزیکی خزمایەتی و لە شوێنی نیشتەجێبوونی کەمئەندامەکە بێت و:

أ- کەمئەندامی مێینە (أنثى) تەنها لە لایەن مێینەوە (أنثى) بەخێودەکرێت.

ب- ئەو کەمئەندامەی پێویستی بە بەخێوکەر بێت و دایکی ژنی ماڵەوە بێت ، تەنها دایکەکە دەبێتە بەخێوکەری جگە لەوەی ، ئەگەر دایکەکە دووچاری نەخۆشیەک بووە وەک (ئیفلیجی مێشک ، بیرکۆلی ، نابینایی...هتد) و توانای بەخێوکردنی نەبوو.

**دووەم: بڕگەی (چوارەم) لە ماددەی هەشتەم** زیاد دەکرێت، و بەم شێوەیە دەخوێندرێت:

(ئەوانەی لە دەرەوەی وولاتن مۆڵەتی بەخێوکەر نایانگرێتەوە).

**ماددەی (٢):**

هەموارکردنی (**بڕگەی یەکەم لە ماددەی نۆیەم**) وبەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێندرێت:

**یەکەم:**

أ- ڕێژەی پەککەوتن بۆ مەبەستی بەخێوکردن دەبێت بەرێژەی (١٠٠%)بێت، کە لەلایەن لیژنەی پزیشکیەوە دیاری دەکرێت، وە بۆ نەخۆشییەکانی (ئۆتیزم ومەنگۆل و بیرکۆل) دەبێت ڕێژەی پەککەوتنەکە (٨٠%) و سەرەوەتر بێت و بۆ نەخۆشی شیزۆفرینیا بە ڕێژەی (١٠٠%) .

ب- پیدانی مۆڵەتی بەخێوکەر بە باوکی منداڵانی تووش بوو بە (ئۆتیزم) لەو خێزانانەی دوومنداڵیان تووشی ئەم نەخۆشییە بووە.

**ماددەی (٣):**

ئەو ڕێنماییە جێبەجێدەکرێت لە ڕێکەوتی بڵاوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان).

**کوێستان محمد عبدالله**

**وەزیری کارو کاروباری کۆمەڵایەتی**

**وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی**
**ژمارە: ١٥٢٧ لە ٢٠٢١/١/٣١**

## ڕێنمایی ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٢١
## ڕێنمایی هەمواری دووەمی ڕێنمایی ژمارە (٥)ی ساڵی ٢٠١٩
## خوێندنی باڵا/ماستەر لە زانکۆ حکومیەکانی کوردستان

پاڵپشت بە کۆنووسی کۆبوونەوەی ژمارە (١٠)ی ساڵی (٢٠٢٠)ی ئەنجومەنی وەزارەت لە (تەوەری سێیەم: کاروباری زانستی و خوێندنی باڵا/خاڵی ١٥) لە پێناو بەرژەوەندی گشتی قوتابیان و خوێندکارانی خوێندنی باڵا/ماستەر کە بە پێی ڕێنمایی ژمارە (٥)ی ساڵی (٢٠١٩)ی خوێندنی ماستەر لە زانکۆ حکومیەکانی هەرێمی کوردستان بۆ ساڵی خوێندنی (٢٠١٩-٢٠٢٠) وەرگیراون و لە ساڵی (٢٠٢٠-٢٠٢١) خوێندنەکەیان دەست پێکردووە، بڕیاردرا بە:-

- هەموارکردنەوەی (تەوەری چوارەم: پێداویستیە زانستیەکانی وەرگرتنی بڕوانامەی ماستەر/٤-ناوەڕۆکی کۆرسە ئەکادیمیەکان/أ-ساڵی یەکەم:سیمستەری یەکەم/خاڵی ٩ و ١٠ و ١٢ و أ- ساڵی یەکەم: سیمستەری دووەم/خاڵی ٥ و ٦ و ٧) لە ڕێنمایی ژمارە (٥)ی ساڵی (٢٠١٩)ی خوێندنی ماستەر لە زانکۆ حکومیەکانی کوردستان بۆ ساڵی خوێندنی (٢٠١٩-٢٠٢٠) بەم شێوەیەی خوارەوە:-

**یەکەم:** أ- ساڵی یەکەم: سیمستەری یەکەم:

**١-** ئامادەکردنی (١) یەک (Review Article)ی (٣٠٠٠) وشەیی بە پەیڕەوکردنی میتۆدەکانی توێژینەوە تەنها بۆ بابەتە سەرەکیەکان (پسپۆرییەکان)، واتە بابەتە لاوەکیەکانی وەکو (زمانی ئینگلیزی – Academic English و زانستی کۆمپیوتەر و میتۆدی توێژینەوە) ناگرێتەوە.

**٢-** لە(٥٠%)ی نمرەی بابەتە سەرەکیەکان (پسپۆرییەکان) لەسەر نووسینی (Review Article)ی (٣٠٠٠) وشەیی بە پەیڕەوکردنی میتۆدەکانی توێژینەوە دەبێت کە (٢٥%) نمرەی بابەت لە لایەن مامۆستای بابەت هەڵسەنگاندن بۆ (Review Article) دەکرێت و لە (٢٥%) نمرەکەی دیکە بابەتەکە لە لایەن مامۆستایەکی هەمان پسپۆری وەکو هەڵسەنگێنەری دووەم (Second Examiner) هەڵسەنگاندن بۆ (Review Article) دەکرێت. لە (٥٠%)ی نمرەکەی دیکەی بابەتە سەرەکیەکان (پسپۆرییەکان) لەسەر ئەنجامدانی تاقیکردنەوەی کۆتایی سیمستەری یەکەم (Final Exam) دەبێت.

**٣-** لە (٥٠%)ی نمرەی بابەتە لاوەکیەکان وەکو (زمانی ئینگلیزی – Academic English و زانستی کۆمپیوتەر و میتۆدی توێژینەوە) لە لایەن بەشی زانستی دیاری دەکرێت. لە (٥٠%)ی نمرەکەی دیکەی بابەتە لاوەکییەکان لەسەر ئەنجامدانی تاقیکردنەوەی کۆتایی سیمستەری یەکەم ( Final Exam) دەبێت.

تێبینی:- ئەگەر هاتوو قوتابی/خوێندکاری خوێندنی باڵا/ماستەر بۆ بابەتی لاوەکی وەکو (میتۆدی توێژینەوە) (Review Article)ی نووسیبوو، ئەوا لە پێناو بەفیرۆنەچوونی هەوڵ و کۆششی قوتابی/خوێندکاران، دەکرێت خاڵی (٣)ی سەرەوە لەسەر ئەو قوتابی/خوێندکارانە جێبەجێ نەکرێت و بەڵکو بە پێی ناوەرۆکی ژمارە (٥)ی ساڵی (٢٠١٩)ی خوێندنی ماستەر مامەڵەیان لەگەڵ بکرێت، نەوەک بە پێی ناوەرۆکی ئەم رێنماییە. واتە ئەگەر قوتابی/خوێندکاری خوێندنی باڵا/ماستەر بۆ بابەتی لاوەکی وەکو (میتۆدی توێژینەوە) (Review Article)ی نووسیبوو ئەوا لە (٥٠%)ی نمرەی بابەتی (میتۆدی توێژینەوە) لەسەر نووسینی (Review Article)ی (٣٠٠٠) وشەیی بە پەیرەوکردنی میتۆدەکانی توێژینەوە دەبێت، کە (٢٥%) نمرەی بابەتەکە لە لایەن مامۆستای بابەت هەڵسەنگاندن بۆ (Review Article)ەکە دەکرێت و لە (٢٥%) نمرەکەی دیکەی بابەتەکە لە لایەن مامۆستایەکی هەمان پسپۆری وەکو هەڵسەنگێنەری دووەم (Second Examiner) هەڵسەنگاندن بۆ (Review Article)ەکە دەکرێت. لە (٥٠%)ی نمرەکەی دیکەی بابەتی (میتۆدی توێژینەوە) لەسەر ئەنجامدانی تاقیکردنەوەی کۆتایی سیمستەری یەکەم (Exam Final) دەبێت. لێرەدا قوتابی/خوێندکار سەرپشکە لە هەڵبژاردنی یەکێک لەم دوو هەلبژاردەیە, واتە هەژمارکردنی نمرەی (Review Article) بە پێی رێنمایی پێشوو، یاخود جێبەجێکردنی ناوەرۆکی ئەم رێنماییە بە پێی خاڵی (٣)ی سەرەوە.

شێوازی هەڵسەنگاندی نمرە بۆ هەر بابەتێک لە سیمستەری یەکەم بەم شێوەی خوارەوە دەبێت

أ. شێوازی هەڵسەنگاندنی نمرە بۆ بۆ بابەتە سەرەکیەکان (پسپۆرییەکان):

| پێوەری هەڵسەنگاندن | نووسینی (١) یەک (Review Article) بۆ گشت بابەتە سەرەکیەکان (پسپۆرییەکان) | | تاقیکردنەوەی کۆتایی سیمستەری یەکەم (Final Exam) | کۆی نمرە |
|---|---|---|---|---|
| نمرە | (٢٥%) نمرەی لە لایەن مامۆستای بابەت | (٢٥%) نمرەی بابەت لە لایەن هەڵسەنگێنەری دووەم (Second Examiner) | | |
| | ٥٠ % نمرە | | ٥٠ % نمرە | ١٠٠ % نمرە |

ب. شێوازی هەڵسەنگاندنی نمرە بۆ بابەتە لاوەکیەکان (ئەگەر هەبوو):

| پێوەری هەڵسەنگاندن | بابەتە لاوەکیەکانی وەکو (زمانی ئینگلیزی – Academic English و زانستی کۆمپیوتەر و میتۆدی توێژینەوە) | تاقیکردنەوەی کۆتایی سیمستەری یەکەم (Final Exam) | کۆی نمرە |
|---|---|---|---|
| نمرە | ٥٠ % نمرە لە لایەن بەشی زانستی دیاری دەکرێت | ٥٠ % نمرە | ١٠٠ % نمرە |

ج. ساڵی یەکەم: سیمستەری دووەم:

**١-** ئامادەکردنی (١) یەک (Review Article)ی (٤٠٠٠) وشەیی بە پەیڕەوکردنی میتۆدەکانی توێژینەوە بۆ گشت بابەتە سەرەکییەکان (پسپۆرییەکان).

**٢-** لە (٥٠%)ی نمرەی بابەتە سەرەکییەکان (پسپۆرییەکان) لەسەر نووسینی (Review Article)ی (٤٠٠٠) وشەیی بە پەیرەوکردنی میتۆدەکانی توێژینەوە دەبێت کە (٢٥%) نمرەی بابەتەکە لە لایەن مامۆستای بابەت هەڵسەنگاندن بۆ (Review Article)ەکە دەکرێت و لە (٢٥%) نمرەکەی دیکەی بابەتەکە لە لایەن مامۆستایەکی هەمان پسپۆری وەکو هەڵسەنگێنەری دووەم ( Second Examiner) هەڵسەنگاندن بۆ (Review Article)ەکە دەکرێت. لە (٥٠%)ی نمرەکەی دیکەی هەر بابەتێک لەسەر ئەنجامدانی تاقیکردنەوەی کۆتایی سیمستەری دووەم (Final Exam) دەبێت.

شێوازی هەڵسەنگاندنی نمرە بۆ هەر بابەتێک لە سیمستەری دووەم بەم شێوەی خوارەوە دەبێت

| پێوەری هەڵسەنگاندن | نووسینی (١) یەک (Review Article) بۆ گشت بابەتە سەرەکیەکان (پسپۆرییەکان) | | تاقیکردنەوەی کۆتایی سیمستەری دووەم (Final Exam) | کۆی نمرە |
|---|---|---|---|---|
| نمرە | (٢٥%) نمرەی لە لایەن مامۆستای بابەت | (٢٥%) نمرەی بابەت لە لایەن هەڵسەنگێنەری دووەم (Second Examiner) | | |
| | ٥٠ % نمرە | | ٥٠ % نمرە | ١٠٠ % نمرە |

**دووەم:** ئەم ڕێنماییە لە ڕێکەوتی دەرچوونیەوە جێبەجێ دەکرێت لەسەر ئەو خوازیارانەی لە ساڵی (٢٠١٩-٢٠٢٠) پێشکەشی خوێندنی ماستەریان لە زانکۆکانی کوردستان کردووە و لە ساڵی (٢٠٢٠-٢٠٢١) خوێندنەکەیان دەست پێکردووە و کار بە هیچ ڕێنماییەکی دیکە ناکرێت کە ناکۆک بێت لەگەڵ ناوەرۆکی ئەم ڕێنماییە و لە ڕۆژنامەی (وەقایعی کوردستان) بڵاودەکرێتەوە.

**د. ئارام محمد قادر**

**وەزیری خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی**

**وەزارەتی دارایی وئابووری**

**ژمارە : ١١٢٨ لە ٢٠٢١/٢/٩**

**ڕێنمایی ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٢١**

**هەموارکردنی ڕێنمایی ژمارە (٩)ی ساڵی ٢٠٢٠ تایبەت بە تەنسیب کردنی فەرمانبەران**

ئاماژە بە کۆنووسی لیژنەی پێداچوونەوە بە ڕێنماییە داراییەکان ژمارە (١٦) لە ٢٠٢١/٢/١ بڕیاردرا بەهەموارکردنەوەی خاڵی (٣) لە ڕێنمایی ژمارە (٩)ی ساڵی ٢٠٢٠ بەم شێوەی خوارەوە :-

١- درێژکردنەوەی ماوەی تەنسیب کردن لە (٢) ساڵ بۆ (٣) ساڵ بۆ حاڵەتی زۆر پێویست .

٢-ئەم ڕێنماییە بۆ ساڵی (٢٠٢١) کاری پێ دەکرێت و لە ڕۆژنامەی ( وەقایعی کوردستان ) بڵاودەکرێتەوە .

**ئاوات جەناب نوری**

**وەزیری دارایی وئابووری**

**بەناوی خوای بەخشندە و میهرەبان**

**بەناوی گەلەوە**
**پەرلەمانی کوردستان ـ عێراق**
**ژمارەی بەیان: ١**
**مێژووی بەیان: ٢٠٢١/٢/٩**

**بەیـان**

پشت بە حوکمی ماددەی (٨) لە یاسای ژمارە (٤)ی ساڵی ١٩٩٩ یاسای (بڵاوکردنەوە لە رۆژنامەی فەرمی ـ وەقایعی کوردستان) و، لەبەر بوونی هەڵەیەك لە یاسای ژمارە (٢٢)ی ساڵی ٢٠١١ یاسای (ماف و ئیمتیازاتی کەمئەندام و خاوەن پێداویستی تایبەت لە هەرێمی کوردستان ـ عێراق)، بە هەردوو زمانی (کوردی و عربی)، بەپێویست زانرا هەڵەکە بەم شێوەیەی خوارەوە ڕاست بکرێتەوە.

**ـ لە دەقی کوردی:**

گۆڕینی وشەی (**پسوولە**) لە بڕگەی (٧)ی ماددەی (یەکەم)ی یاساکە و لە هەر شوێنێکی یاساکەدا هاتووە بۆ وشەی (**پێناس**).

**منی نبی قهوچی**
**سکرتێری پەرلەمانی کوردستان ـ عێراق**

---

**بەناوی خوای بەخشندە و میهرەبان**

**بەناوی گەلەوە**
**پەرلەمانی کوردستان ـ عێراق**
**ژمارەی بەیان: ٢**
**مێژووی بەیان: ٢٠٢١/٢/٩**

**بەیـان**

پشت بە حوکمی ماددەی (٨) لە یاسای ژمارە (٤)ی ساڵی ١٩٩٩ یاسای (بڵاوکردنەوە لە رۆژنامەی فەرمی ـ وەقایعی کوردستان) و، لەبەر بوونی هەڵەیەك لە یاسای ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠٢٠ یاسای (چاکسازی لە مووچە و دەرماڵە و بەخشین و ئیمتیازاتەکان و خانەنشینی لە هەرێمی کوردستان ـ عێراق)، بە زمانی (کوردی)، بەپێویست زانرا هەڵەکە بەم شێوەیەی خوارەوە ڕاست بکرێتەوە.

- لە کۆتایی ماددەی (٩)ی یاساکە، گۆڕینی یاسای ژمارە (٣٦)ی ساڵی ٢٠٠٧ یاسای (ڕاژە و خانەنیشنی پێشمەرگە (زێڕەڤانی هەرێمی کوردستان)) بۆ یاسای ژمارە (٣٨)ی ساڵی ٢٠٠٧ یاسای (راژە و خانەنشینی پێشمەرگە (زێرەڤانی هەرێمی کوردستان)).

**منی نبی قهوچی**
**سکرتێری پەرلەمانی کوردستان ـ عێراق**

**وەزارەتی ناوخۆ**

**ژمارە: ١٣٩٦ لە ٢٠٢١/١/١٥**

**بەیانی ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٢١**

دوابەدوای بەیانی ژمارە (٣،٥،٦،٨،١٠،١١،١٢،١٣،١٤،١٥،١٦، ١٧،١٨،١٩،٢٠،٢١،٢٢،٢٣،٢٤،٢٥،٢٦،٢٧،٢٨،٢٩،٣١،٣٤،٣٥،٣٦،٣٧،٣٨،٣٩،٤١،٤٢،٤٤،٤٦،٤٨،٥٢،٥٧،٥٨) ساڵی ٢٠٢٠ تایبەت بە ڕێگری کردن لەبڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی (کۆرۆنا) و کۆبوونەوەی لیژنەی باڵای بەرەنگاربوونەوەی ڤایرۆسی (کۆرۆنا) لە ٢٠٢١/١/١٣ ولە پێناو پاراستنی ئاسایشی تەندروستی هەرێمی کوردستان ، بڕیارماندا بە دەرچوواندنی ئەم بەیانە :

**یەکەم:** قە دەغەکردنی گەشت کردنی هاوڵاتیانی عێراقی لە ڕێگای دەروازە سنورییەکانی هەرێمی کوردستان بۆ وڵاتانی ( بریتانیا ، نەمسا ، بەلجیکا، دانیمارک ، فینلاند ، فەرەنسا ، جورجیا ، ئەلمانیا ، یونان ، ئیرلەند ، لوکسەمبەرگ ، سلۆڤاکیا ، ئیسپانیا ، بەرازیل ، ولایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا ، هند ، باشووری ئەفریقیا ، ئوسترالیا ، هولەندا ، ژاپۆن و زامبیا)

**دووەم:** قەدەغەکردنی هاتنی کەسانی بیانی لەو وڵاتانەی کە لە بڕگەی (١) ی سەرەوە ئاماژەیان پێ دراوە جگە لە ئاژانس و ڕێکخراوەکانی (UN)و ڕێکخراوە نێو دەوڵەتیەکان و هاوپەیمانان و دیبلۆماتکاران و شاندە فەرمییەکان ڕێگە پێدراوە بە پێی ڕێنماییە تەندروستیەکان

**سێیەم:** ئەو هاوڵاتیە عێراقیانەی کە لەو وڵاتانەی کە لە بڕگەی (١) ی سەرەوە دەگەڕێنەوە دەبێت بۆ ماوەی (١٤) ڕۆژ خۆیان کەرەنتین بکەن بە پێی ئەو ڕێنماییانەی کە وەزارەتی تەندروستی دیاری دەکات

**چوارەم:** ئاسایی کردنەوەی هاتووچۆی گەشتیاران لەدەروازە سنورییەکانی(حاجی ئۆمەران، باشماغ و پەریزخان)

**پێنجەم:** برگەکانی (پێنجەم،شەشەم،حەفتەم،هەشتەم ،نۆیەم ، دەیەم ، یانزدەیەم ، دوانزدەیەم ، شانزدەیەم و حەڤدەیەم ) لە بەیانی ژمارە (٥٧)ی ساڵی ٢٠٢٠ بەبەردەوامی جێبەجێ بکرێت .

**شەشەم:** ئەم بەیانە لە ٢٠٢١/١/١٥ کاتژمێر (١٢:٠٠) ی شەو جێبەجێ بکرێت .

**ڕێبەر أحمد**

**وەزیری ناوخۆ**

---

**وەزارەتی ناوخۆ**

**ژمارە: ٢٣٩١ لە ٢٠٢١/١/٢٦**

**بەیانی ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠٢١**

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێماندراوە لە یاسای وەزارەتی ناوخۆ ژمارە (٦)ی ساڵی ٢٠٠٩ وە ئاماژە بەرێنمایمان ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠١٥ی هەمواركراو و نووسراوەکانی پارێزگای هەولێر ژمارە (٣٧٢٢) لە٢٠٢٠/١٢/٢٤ و (٥٣٧) لە ٢٠١٩/٢/٢٤ و دوابە دوای نووسراومان ژمارە (٤٤٨١) لە ٢٠١٩/٣/٣ و بریاری ئەنجومەنی پارێزگای هەولێر ژمارە (٨)ی ساڵی ٢٠٢٠.

- هێنانە کایەی گوندی (بەردینە) سەر بە ناحیەی شەمامک لەسەر موڵکی ژمارە ( ٢٠/١ کەرتی ٣١ تندورە) بە ڕووبەری (٤) دۆنم وەک لە نەخشەی هاوپێچی نووسراوی پارێزگای هەولێر هاتووە.
- ئەم بەیانە لە ڕۆژی بڵاوبوونەوەی لە ڕۆژنامەی (وەقایعی کوردستان) کاری پێدەکرێت.

**ڕێبەر أحمد**

**وەزیری ناوخۆ**

**وەزارەتی ناوخۆ**

**ژمارە: ٢٦٧١ لە ٢٠٢١/١/٢٨**

**بەیانی ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠٢١**

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێماندراوە لە یاسای وەزارەتی ناوخۆ (٦)ی ژمارە ساڵی (٢٠٠٩) وە ئاماژە بە ڕێنمایمان ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠١٥ی هەموارکراو و نووسراوەکانی پارێزگای سلێمانی ژمارە (٨٢٨٧) لە ٢٠٢٠/١٢/٩ و (١٩١) لە ٢٠٢١/١/١١ و دوابە دوای نووسراومان ژمارە (٨٣) لە ٢٠٢١/١/٣ و بریاری ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی ژمارە (١٩)ی ساڵی ٢٠٢٠ بڕیارماندا بە .

- هێنانە کایەی گوندی (**ئاوایی شێخ نوری**) سەر بە ناحیەی خەلەکان / قەزای دوکان/ پارێزگای سلێمانی لەسەر پارچە زەوی ژمارە (٥٤ کەرتی ٢٢/ باداوان) بە ڕووبەری (١٥) دۆنم وەک لە نەخشەی هاوپێچی نووسرای پارێزگای سلێمانی هاتووە.
- ئەم بەیانە لە رۆژی بڵاوبوونەوەی لە رۆژنامەی (وەقایعی کوردستان) کاری پێدەکرێت.

**ڕێبەر أحمد**
**وەزیری ناوخۆ**

---

**وەزارەتی ناوخۆ**

**ژمارە: ٣٦٢٦ لە ٢٠٢١/٢/٩**

**بەیانی ژمارە (٤)ی ساڵی ٢٠٢١**

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێماندراوە لە یاسای وەزارەتی ناوخۆ (٦)ی ژمارە ساڵی ٢٠٠٩ وە ئاماژە بە برگەی (١٣)ی ماددەی (٦) لە یاسای پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠٠٩ی هەموارکراو و هەردوو نووسرای پارێزگای دهۆک ژمارە (٤٠٤) لە ٢٠٢١/١/٢٤ و (٤٢٤٢) لە ٢٠٢٠/١٢/١ و بریاری ئەنجومەنی پارێزگای دهۆک ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٢١ تایبەت بە پێشنیاریان بە گۆرینی ناوی گوندی گەلیکێ و و دوابەدوای نووسراومان ژمارە (٢١٢٧٨) لە ٢٠٢٠/١٢/٢٠ بڕیارماندا بە .

**یەکەم:** گۆرینی ناوی گوندی (**گەلیکێ**) بۆ ناوی گوندی (**ئالیخان**) لەسنوری ناحیەی کانی ماسی/ قەزای ئامێدی/ پارێزگای دهۆک .

**دووەم :** ئەم بەیانە لە رۆژی بڵاوبوونەوەی لە رۆژنامەی (وەقایعی کوردستان) کاری پێدەکرێت.

**ڕێبەر أحمد**
**وەزیری ناوخۆ**

**وەزارەتی كارو كارو باری كۆمەڵایەتی**

**ژمارە : ١ لە ٢٠٢١/١/٢٦**

**بەیانی ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٢١**

جەخت لەسەر جێبەجێکردنی ناوەرۆکی خاڵی (٢) لە بەیانی ژمارە (٧) ی ساڵی (٢٠١٢) وەزارەتمان دەکەینەوە .بریارماندا بە :

٣-لە رێکەوتی (٢٠٢١/٢/١) بە دواوە ، ئەرکی خەرجکردن و راپەراندنی کاروباری مووچە و ئیمتیازاتی کەم ئەندامان و چاودێری خێزان و رێکخستنی کاروباری ناسنامەی سوودمەندان و مۆڵەتی بەخێوکەر لە قەزاو ناحیەکانی سەر بە پارێزگاکان و ئیدارە سەربەخۆکانی هەرێمی کوردستان ، رادەسپێرێت بە بەرێوەبەرایەتیەکانی تۆری پاراستنی کۆمەڵایەتی لە سەنتەری پارێزگا و ئیدارە سەربەخۆکان .

٤-راگرتنی ئەو ژمارە ژمیریاریانەی بانکی (رقم حسابی) کە تاکوئیستا لە بەرێوەبەرایەتیەکانی چاودێری و گەشە پێدانی کۆمەڵایەتی قەزاکانن بە مەبەستی خەرجکردنی مووچە ی سوودمەندان کرابوونەوە وگواستنەوەی سەرجەم سوودمەندانی کەم ئەندامان و چاودێری خێزانی ئەو بەرێوەبەرایەتیانە بۆ سەرژمێرەی ژمێریاری و میلاکی بەرێوە بەرایەتیەکانی تۆری پاراستنی کۆمەڵایەتی لە سەنتەری پارێزگاکان و ئیدارە سەربەخۆکان .

٥- گواستنەوەی سەرجەم بەراییەکانی کەم ئەندامان و چاودێری خێزان و دۆسیەی سوودمەندانی ئەو دوو توێژە لە بەرێوەبەرایەتیەکانی چاودێری گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی قەزاکان بۆ هۆبەکانی مووچەی چاودێری خێزان ومووچەی کەم ئەندامانی بەرێوەبەرایەتیەکانی تۆری پاراستنی کۆمەڵایەتی لە سەنتەری پاریزگا و ئیدارە سەربەخۆکان.

٦-کاری بەرێوەبەرایەتیەکانی چاودێری و گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی قەزاکان لە مەودوا لە چوارچێوەی بەریوەبەرایەتی چاودێری و گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی سەنتەری پارێزگا و ئیدارە سەربەخۆکان دەبێت و سەرپەرشیی و بەدواداچوونی کاروبارتی سەنتەرو داینگا و پەیمانگاکانی تایبەت بەکەم ئەندامان و خانەکانی و خانەکانی چاودێری (کوران و کچان و بەساڵاچوان ) دەکەن

٧-ئەم بە یانە لە رۆژی دەرچوونی جێبەجێ دەکرێت .

**کوێستان محمد عبدالله**

**وەزیری كارو كاروبای كۆمەڵایەتی**

**وەزارەتی تەندروستی**

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێماندراوە لە ماددەی (شەشەم / بڕگەی دووەم) لەیاسای وەزارەتی تەندروستی ژمارە (١٥)ی ساڵی ٢٠٠٧ بڕیارماندا بە :-

**بەیانی ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٢١**

- کـردنەوەی (نەخۆشـخانەی ژیـان ) بـۆ چـاودێری وورد و نەخۆشـیە گوازراوەکـان لە چوارقـورنە سـەر بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی ڕاپەڕین.
- ئەم بەیانە جێبەجێ دەکرێت لە ڕۆژی دەرچوونییەوە ڕێکەوتی ٢٠٢١/١/٦.

**بەیانی ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠٢١**

- کردنەوەی (بنکەی تەندروستی بنکەی تەندروستی KMCA) لە هەریەك لە شارەکانی (دهۆک ،سلێمانی )
- ئەم بەیانە جێبەجێ دەکرێت لە ڕۆژی دەرچوونییەوە ڕێکەوتی ٢٠٢١/١/١٩.

**د. سامان حسین بەرزنجی**

**وەزیری تەندروستی**

**وزارة الأوقاف و الشؤون الدينية**

**رقم : ٣٧٠ في ٢٠٢١/٢/١١**

استناداً إلى المادة السابعة من قانون وزارة الأوقاف والشؤون الدينية لإقليم كوردستان – العراق رقم (١١) لسنة ٢٠٠٧، أصدرنا التعليمات الآتية:

## تعليمات رقم (١) لسنة ٢٠٢١
## إثبات الأهلية للإمامة و الخطابة

**المادة الاولى:**

لموظفي وزارة الاوقاف و الشؤون الدينية حصراً طلب تغيير عناوينهم الوظيفية الى (الإمام) أو (الإمام و الخطيب) وفق الشروط الواردة في هذه التعليمات .

**المادة الثانية:**

يشترط في من يتقدم لتغيير العنوان الوظيفي إلى (الإمام) توفر مايأتي:

١- أن يكون حاصلاً في الأقل على شهادة الاعدادية الإسلامية أو مايعادلها.

٢- أن لاتقل مدة خدمته في وزارة الأوقاف و الشؤون الدينية عن (٣) ثلاث سنوات.

٣- أن يكون حسن الأخلاق و غير محكوم عليه بجناية غير سياسية أو جنحة مخلة بالشرف .

٤- أن يكون مؤمناً بالتسامح الديني و قبول الآخر.

٥- أن يجيد اللغتين الكوردية و العربية قراءةً و كتابةً .

٦- أن لا يكون منتمياً لأي حزب أو جهة سياسية .

**المادة الثالثة:**

يشترط في من يتقدم لتغيير العنوان الوظيفي الى ( الإمام و الخطيب) توفر مايأتي:

١- أن يكون حاصلاً في الأقل على شهادة دبلوم في العلوم الإسلامية أو ما يعادلها .

٢- أن لاتقل مدة خدمته بعنوان (الإمام) عن سنتين بعد حصوله على الشهادة المذكورة في الفقرة (١) اعلاه .

٣- أن يكون حسن الأخلاق و غير محكوم عليه بجناية غير سياسية أو جنحة مخلة بالشرف .

٤- أن يكون مؤمناً بالتسامح الديني و قبول الآخر.

٥- أن يجيد اللغتين الكوردية و العربية قراءةً و كتابةً.

٦- أن لا يكون منتمياً لأي حزب أو جهة سياسية.

**المادة الرابعة:**

يتم اثبات الأهلية من خلال اختبار علمي، وعلى النحو الآتي:

**اولاً:** اجراء اختبار تحريري في المواد الآتية:

١-القران الكريم.

٢-الحديث الشريف.

٣-العقائد.

٤-الفقه.

٥- النحو.

٦-الصرف.

٧- التجويد.

٨- الخطابة.

**ثانياً:** للمجلس العلمي تعديل مواد التحريرى و المراجع المطلوبة فيها ، على أن يصادق وزير الأوقاف و الشؤون الدينية عليها .

**ثالثاً:**

١- تكون درجة النجاح الصغرى (٥٠%) خمسون بالمئة لكل مادة، على ان لا يقل معدل النجاح في جميع المواد عن (٦٠ %) ستين بالمئة .

٢- يتوجب إجتياز اختبار شفهي بعد اجتياز الاختبار التحريري بنجاح.

**المادة الخامسة:**

يلتزم الموظف الذي يجتاز الاختبارين التحريري و الشفهي بنجاح بالمباشرة بالعنوان الوظيفي الجديد خلال فترة لا تتجاوز (٦) ستة أشهر من تاريخ إقرار نتائج الاختبار و بخلافه يسقط حقه في إثبات الأهلية .

**المادة السادسة:**

تنفذ هذه التعليمات من تاريخ نشرها في الجريدة الرسمية (وقائع كوردستان).

**د. پشتيوان صادق عبدالله**
**وزير الاوقاف والشؤون الدينية**

**بسم الله الرحمن الرحيم**

**باسم الشعب**
**برلمان كوردستان – العراق**
**رقم البيان : ١**
**تأريخ البيان: ٢٠٢١/٢/٩**

**بيـان**

أستنادا الى حكم المادة (٨) من القانون رقم (٤) لسنه ١٩٩٩ قانون (النشر في الجريدة الرسمية ـ وقائع كوردستان)، ونظرا لوجـود خطـأ فـي الـنص (الكـوردي والعربـي) للقـانون رقـم (٢٢) لسـنة ٢٠١١ قـانون (حقوق وأمتيازات المعاقين وذوي الاحتياجات الخاصة في إقليم كوردستان ـ العـراق)، رأينـا ضـرورة تصحيح هذا الخطأ على الوجه الاتي:

- **في النص الكوردي:**

تغيير كلمة (پسوله) في فقرة (٧) من المادة (الاولى) وأينما وردت في هذا القانون إلى كلمة (پێناس).

**منى نبى قهوچى**
**سكرتير برلمان كوردستان ـ العراق**

---

**بسم الله الرحمن الرحيم**

**باسم الشعب**
**برلمان كوردستان – العراق**
**رقم البيان : ٢**
**تأريخ البيان:٢٠٢١/٢/٩**

**بيـان**

أستنادا الى حكم المادة (٨) من القانون رقم (٤) لسنه ١٩٩٩ قانون (النشر في الجريدة الرسمية ـ وقائع كوردستان)، ونظرا لوجود خطأ في النص (الكوردي) للقانون رقم (٢) لسنة ٢٠٢٠ قـانون (الإصـلاح فـي الرواتب والمخصصات و المنح والامتيـازات والتقاعـد فـي إقلـيم كوردسـتان ـ العـراق)، رأينـا ضـرورة تصحيح هذا الخطأ على الوجه الاتي:

- في نهاية المادة (٩) من هذا القانون، تغييـر القـانون رقـم (٣٦) لسـنة ٢٠٠٧ قـانون (الخدمـة وتقاعـد البيێشمەرگە (حرس اقليم كوردستان))، إلى القانون رقم (٣٨) لسـنه ٢٠٠٧ قـانون (الخدمـة وتقاعـد البيێشمەرگە (حرس اقليم كوردستان)).

**منى نبى قهوچى**
**سكرتير برلمان كوردستان ـ العراق**